## براوەی پرنتەری ڕەنگاوڕەنگی ژمارەی پێشوو




(هەژیر برهان الدین هاشم) لە چەمچەماڵ

**دیاری ئەم ژمارەیە:**

خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەین کە دیاری ئەم ژمارەیە بریتیە لە ئامێرێك کە لە یەککاتدا

- **ڕادیۆیە**
- **بە فلاش و میمۆری مۆبایل، گۆرانی و مۆسیقا لێ دەدات واتە MP3 پلەیەرە.**
- **دەتوانێت شەحنی بکەیتەوەو بۆ ماوەیەکی درێژ بە بێ کارەبا کاری پێ بکەیت.**
- **بە شاحینەی مۆبایل دەتوانێت شەحنی بکەیتەوە.**
- **سپیکەرێکی زۆر بەهێزی لەگەڵدایە.**
- **کۆنترۆڵی لەگەڵەو لە دوورەوە کاری پێدەکرێت.**

خوێنەری ئازیز
لەگەڵ گۆڤاری سی فۆر کورد هەرگیز بێ ئومێد نابیت و هەمیشە بە دیاری سەرنج ڕاکێش و بەسود بەسەرت دەکاتەوە.
تکایە لەکاتی خۆی بابگاتەوە دەستمان تاکو بێ بەش نەبیت لە دیاریەکە.
ئێمەش تیرو پشکی بۆ دەکەین و دیاریەکە بۆ یەکێك لە ئێوەی بەرێز دەردەچێت. و لە ژمارەی داهاتوو ناوی ئەو بەرێزە بڵاو دەکەینەوە.

# گۆڤارێک بکڕەو ئامێرێکی
# (MP3 پلەیەر . سپیکەر . ڕادیۆ)
# بەدەست بهێنە




تکایە ئەم زانیاریانە پڕ بکەرەوەو لەو شوێنەی دەستنیشان کراوە بیبڕەو بیگەڕێنەوە:

**١-پێویستە خشتەکەی پشتەوە پڕبکەیتەوە.**

**٢-ناو:** ......................................

**٣-ناونیشان:** ..................................

**٤-ئیمەیڵ:** ......................................

**٥-ژ.مۆبایل:** ...................................

**تێبینی:**

**١- پێویستە ئەم فۆرمە تا ١٨ - ٤ - ٢٠١٠ بگاتەوە دەستمان.**

**٢- لە ژمارەی داهاتوو ناوی براوە ئاشکرا دەکەین.**

**٣- کەسی براوە لەکاتی وەرگرتنی دیاریەکە پێویستە ئەم ژمارەیەی سی فۆر کورد لەگەڵ خۆی بهێنێت.**

**٤- بۆ گەڕاندنەوەی ئەم فۆرمە:**

**- لە سلێمانی: نوسینگەی سەردەم - بەرامبەر سلێمانی پالاس**

**- لە هەولێر: نوسینگەی کاوان بەرامبەر دادگای هەولێر. یاخود ئەو کەسەی لێت کڕیوە.**

**٥-یان دەتوانیت وێنەی فۆرمەکە بگریت بە پڕکراوەیی و بە ئیمەیڵ بۆمان ڕەوانە بکەیت.**

**٦- بۆ هەر پرسیارێک پەیوەندی بکە بە ژمارە مۆبایلی** 07706449565

لە پێناو پێشخستنی زیاتری گۆڤارەکەتان و خزمەتی زیاتر پێمان باشە ئەم راپرسیە بکەین تاکو ئێمەو ئێوە بە یەکەوەو دەست لە ناو دەست هەوڵی خزمەتی باشترو چاکتر بدەین. تکایە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە هەڵسەنگێنە:

| بابەت | بەسوودە | ناوەندیە | بێ سوودە |
|---|---|---|---|
| فێرکاری ڤیدیۆیی وەك خزمەتگوزاریەك و داهێنانێکی | | | |
| بەرنامەیەك بۆ گۆرینی فایلی کوردی PDF بۆ سەر ۆرد | | | |
| مەبەست لە «ICDL» چییە؟ | | | |
| پلاندانان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی نێتۆرك | | | |
| زانیاری زۆر وردی کۆمپیوتەرەکەت لە رێگای.. | | | |
| چەند ئامۆژگاری و زانیاریەك بۆ ئەوانەی کۆمپیوتەر.. | | | |
| بێڵ گەیتس هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای IBM دا | | | |
| بە بەرنامەی پایتەخت پایتەختی وڵاتان بزانە! | | | |
| باشترین ئەنتی ڤایرۆسی خێرایی AVIRA و .. | | | |
| مەبەست لە Bad Sector چییە؟ و چۆن چارەسەر.. | | | |
| شیکردنەوەی نامەکانی مۆبایل لە لیکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا | | | |
| هەواڵی ئای تی | | | |
| زنجیرەی فێربونی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ ٢٠٠٧ | | | |
| ئامێری دژە خەوتن | | | |
| گۆڕینی ناوی ژمارەیەك فایل و فۆڵدەر بە یەکجار | | | |
| کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و گوگل و یاهو و نوێکردنەوەی.. | | | |
| یەکەی چارەسەری ناوەندی | | | |
| لە ٢٠٢٠ پاشماوەکانی کۆمپیوتەر ٥٠٠٪ زیادەکات | | | |
| شیکردنەوەی وانە بە بەرنامەی Camtasia Studio | | | |
| بەرنامەسازی بەزمانی جاڤا | | | |
| سایتی tanzil تایبەت بە قورئانی پیرۆز و خزمەتێکی زۆر | | | |
| دانانی ئاگادارکردنەوە لەسەرەتای داگیرسانی ویندۆز | | | |
| جووڵاندنی تیشکی(ماوس)بە هۆی (کیبۆرد)ەوە | | | |
| خێراکردنی ئینتەرنێتەکەت لە ویندۆزەوە | | | |
| ناوی خۆت بە کوردی بنووسە لە هۆتمەیل.. | | | |
| مەترسی کەمتەرخەمیکردن لە ئاستی Windows Firewall | | | |
| شاردنەوەی ئایکۆنی (Recycle Bin) لە ویندۆز ئیکس پی | | | |
| بەرنامەیەک بۆ نووسینی بابەتە بیرکاریەکان | | | |
| کارەکانی ریجیستێری دوای فۆرمات بۆ خێراکردنی | | | |
| بەرنامەیەکی پێشکەوتوی قورئان بۆ نۆکیای نەوەی | | | |

## ئاگادارییەك بۆ نووسەرە بەڕێزەکانی
## سی فۆر کورد

ئاگاداری هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەینەوە کە بابەت بۆ (سی فۆر کورد) دەنووسن لەکاتی نووسینەکانیاندا رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن تاکو بابەتەکانیان بڵاوبکرێتەوە:

1- تا بکرێت بابەتەکان بە (یونیکۆد) بنووسرێت.
2- ئەگەر پێتان باش بێت وێنەیەکی کەسی لەگەڵدابێت.
3- ئەگەر بکرێت ئیمەیل و ژمارەی مۆبایلی لەگەڵ دابێت بۆ پەیوەندی کردن لەکاتی پێویستداو دابەزاندنی ئیمەیڵەکە لەگەڵ بابەتەکە.
4- هەوڵ بدرێت هەڵەی زمانەوانی کەم بکرێتەوە.
5- رەچاوی بنەماکانی رێزمان و خاڵبەندی بکرێت.
6- با بابەتەکان وێنەی روون کردنەوەی لەگەڵ دابێت هەروەها وێنەکان لە نێو فایلە وۆردەکەدا دانرابێت و و بە جیاش لە فۆڵدەرێك بێت.
7- تا بکرێت بابەتەکان سەرچاوەیان لەگەڵدا بێت.
8- بابەتەکان لە شوێنی تر بڵاونەکرابنەوە یاخود لە سایتی کوردی نەهێنرابێت.
9- بەرامبەر هەر بابەتێك بەخششێکی رەمزی لە لایەن گۆڤاری سی فۆر کوردەوە وەردەگریت.
10- دەتوانن بابەتەکانتان لە بارەی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و بەرنامەو مۆبایل و هەموو بوارەکانی تری تەکنەلۆژیای زانیاری بێت.
11- ئەو بابەتانەی باسی بەرنامە دەکات با لینکی بەرنامەکەی لەگەڵدا بێت یان ناوی تەواوی بەرنامە تاکو لە نێو سیدی تایبەت بە گۆڤار دابنرێت.
12- بابەتەکان تا بەرواری 15 مانگ بگات بەدەستمان.
13- بابەتەکان لە رێگەی ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە رەوانە بکەن:

**np@c4kurd.com**

ژماره 39

# سی فۆر کورد

www.c4kurd.com

گۆڤارێکی مانگانەی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

ژمارە (٣٩) ساڵی سێیەم ئاداری ٢٠١٠

C4kurd
A Monthly Magazine Publication on Information Technology
No. (39) 3rd Year March 2010

www.c4kurd.com

خاوەنی ئیمتیاز:

**شێخ فاتح ئیبراهیم**

سەرنوسەر:

**هێمن فاتح**
مۆبایل: 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:

**هەردەوان نەقشبەندی**
مۆبایل: 07706449565
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:

**حازم حەمەد جاف**
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

دەستەی نوسەران:

**محەمەد ئەبوبەکر**
**مەهدی ئۆمەربلی**
**محەمەد مێرگەیی**

دیزاین:
گروپی سی فۆر کورد

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و ڕەخنەکانتان لە ڕێگەی ئیمەیڵی:
np@c4kurd.com

( ٢٠٠٠ ) دانەی لێ چاپ دەکرێت

پێکهاتەی CD دیاریی لەگەڵ گۆڤار

## ناوەڕۆکی سیدی ئەمجارە لەم فۆڵدەرانە پێکهاتوە:

فۆڵدەری pdf2word بەرنامەیەکی تێدایە بۆ گۆڕینی پی دی ئێفی کوردی بۆ فایلی وۆرد لە لاپەڕە 6 باسکراوە.
- فۆڵدەری paytaxt بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 16 باسکراوە.
- فۆڵدەری Antivirus باشترین ئەنتی ڤایرۆسێکی خۆڕایی تێدایە لە لاپەڕە 17 باسکراوە.
- فۆڵدەری HDD بەرنامەی تێستی هاردی تێدایە لە لاپەڕە 18 باسکراوە.
- فۆڵدەری Camtasia بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 27 باسکراوە.
- فۆڵدەری Java program دوو بەرنامەی تێدایە لە لاپەڕە 28 باسی لێکراوە.
- فۆڵدەری math بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 37 باسکراوە.
- فۆڵدەری Quran بەرنامەی قورئانی تێدایە بۆ مۆبایل کە لە لاپەڕە 39 باسکراوە.

## فایلە فێرکارییە ڤیدیۆییەکان:

- لە فۆڵدەری Video دوو فایلی ڤیدیۆی تێدایە کە:
یەکەم: باسی چۆنیەتی تێکەڵکردنی دوو وێنە دەکات لە فۆتۆشۆپ
دوهەم: شیکردنەوەی فۆڵدەر ئۆپشن لە ویندۆزدا.

## دیاریەکانی ناو سیدی:

- فۆڵدەری wena کۆمەڵێك وێنە بۆ باکگراوندی کۆمپیوتەری تێدایە.
- فۆڵدەری mobile کۆمەڵێك بەرنامە و نەغمەی نوێی مۆبایلی تێدایە.
- فۆڵدەری Game چەند یاریەکی خۆشی کۆمپیوتەری تێدایە.
- فۆڵدەری irfan بەرنامەیەکی تێدایە هەموو وێنەیەك دەکاتەوە.
- فۆڵدەری Book چەندین کتێبی فێرکاری تێدایە.

**ناونیشانی گۆڤاری سی فۆر کورد:**
هەولێر ـ شەقامی سوڵتان موزەفەر ـ بازاری موزەفەریە ـ نهۆمی سێهەم


**ژمارەی حیسابی بانك:** هەولێر ـ بانکی سۆران (5047)

# لەم ژمارەیەدا




| | |
|---|---|
| فێرکاری ڤیدیۆیی وەك خزمەتگوزاریەك و داهێنانێکی تر.. | 5 |
| بەرنامەیەك بۆ گۆڕینی فایلی کوردی PDF بۆ سەر وۆرد | 6 |
| مەبەست لە «ICDL» چییە؟ | 8 |
| پلاندانان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی نێتۆرك | 10 |
| زانیاری زۆر وردی کۆمپیوتەرەکەت لە ڕێگای.. | 12 |
| چەند ئامۆژگاری و زانیاریەك بۆ ئەوانەی کۆمپیوتەر.. | 13 |
| بێل گەیتس هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای IBM دا | 14 |
| بە بەرنامەی پایتەخت پایتەختی وڵاتان بزانە! | 16 |
| باشترین ئەنتی ڤایرۆسی خۆڕایی AVIRA و .. | 17 |
| مەبەست لە Bad Sector چییە؟ و چۆن چارەسەر.. | 18 |
| شیکردنەوەی نامەکانی مۆبایل لە لیکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا | 19 |
| هەواڵی ئای تی | 20 |
| زنجیرەی فێربوونی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ ٢٠٠٧ | 22 |
| ئامێری دژە خەوتن | 24 |
| گۆڕینی ناوی ژمارەیەك فایل و فۆڵدەر بە یەکجار | 25 |
| کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و گوگڵ و یاهو و نوێکردنەوەی.. | 25 |
| یەکەی چارەسەری ناوەندی | 26 |
| لە ٢٠٢٠ پاشماوەکانی کۆمپیوتەر ٥٠٠٪ زیادەکات | 26 |
| شیکردنەوەی وانە بە بەرنامەی Camtasia Studio | 27 |
| بەرنامەسازی بەزمانی جاڤا | 28 |
| سایتی tanzil تایبەت بە قورئانی پیرۆز و خزمەتێکی زۆر | 31 |
| دانانی ئاگادارکردنەوە لەسەرەتای داگیرسانی ویندۆز | 31 |
| جووڵاندنی تیشکی(ماوس)بە هۆی (کیبۆرد)ەوە | 32 |
| خێراکردنی ئینتەرنێتەکەت لە ویندۆزەوە | 33 |
| ناوی خۆت بە کوردی بنووسە لە هۆتمەیل.. | 34 |
| مەترسی کەمتەرخەمیکردن لە ئاستی Windows Firewall | 35 |
| شاردنەوەی ئایکۆنی (Recycle Bin) لە ویندۆز ئێکس پی دا | 36 |
| بەرنامەیەک بۆ نووسینی بابەتە بیرکاریەکان | 37 |
| کارەکانی ریجیستێری دوای فۆرمات بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەر | 38 |
| بەرنامەیەکی پێشکەوتوی قورئان بۆ نۆکیای نەوەی پێنجەم | 39 |


## 10 پلاندانان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی نێتۆرك



## 13 چەند ئامۆژگاری و زانیاریەك بۆ ئەوانەی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن



## 34 ناوی خۆت بە کوردی بنووسە لە هۆتمەیل و هەر ئیمەیڵێکی تردا

msn Hotmail



# فێرکاری ڤیدیۆیی وەك خزمەتگوزاریەك و داهێنانێکی تری گۆڤاری سی فۆر کورد

هێمن فاتح

وەکو هەمیشە بڕیارمانداوە خزمەتی زیاترو داهێنانی جوان و کارو بیرۆکەی نوێ دابهێنین بۆ زیاتر پێشخستنی ئەم زانستە لە کوردستانی خۆشەویستمان.

بە دڵخۆشیەوە پێتان رادەگەیەنین کە گۆڤاری سی فۆر کورد لەم ژمارەیەوە هەر جارەو چەند بابەتێکی فێرکاری ڤیدیۆییتان پێشکەش دەکات. ئەمەش لە پێناوی زیاتر نزیك بوونەوە لە ئێوەی ئازیز و بە دەنگ و رەنگەوە بابەت و بەرنامەو کێشەکان شیبکەینەوە.

بێگومان فێرکردن بە شێوەی ڤیدیۆیی زیاتر ئەکتیڤ و تێگەیشتنی زیاترو ئاسانترو خێراترە. لەم پێناوەدا ئێمە بە باشی دەزانین پارچە ڤیدیۆییە فێرکاریەکان ماوەکانیان کەم بێت و لە 5 خولەك تێنەپەڕیت تاکو ئێوەی خوێنەر بێزار نەبن و چەند کاتژمێرێك بە دیاریەوە دابنیشن. بەڵکو پێنج خولەك کاتێکی گونجاوە بۆ شیکردنەوەی بابەتێکی کورت و سەرنج راکێش و گرنگ.

بۆ ئەم مەبەستە هەر لە ناو سیدی تایبەت بەگۆڤاری سی فۆر کورد بەشێکی تایبەت دەکەینەوەو هەر جارەو چەند بابەتێکی گرنگ بە دەنگ و رەنگەوە پێشکەش بە ئێوەی ئازیز دەکەین و لە فۆڵدەری video بۆ ئێوەی دادەنێین.

ئەوەی کە گرنگە لای ئێمە ئەوەیە ئێوەی خوێنەر کە گۆڤاری سی فۆر کورد لە چۆمان و سۆرانەوە بیگرە تاکو کفری و کەلار دەبێتە میوانتان و چەندین ئاستی جیاواز دەبینێت. پێمان خۆشە ئێوەش بەشیك بن لەم کارەداو جا دەتوانن بە ئیمەیڵ ئاگادارمان بکەنەوە کە هەر ژمارەیەك ئەو چەند خولەکەی کە دامانناوە بۆ فێرکاری ڤیدیۆیی لەسەر چی بێت و ببێتە وەڵامدەرەوەیەکی پرسیارەکانتان و چارەسەری کێشەکانتان.

بۆ نمونە کەسێك کێشەی هەیە و حەز دەکات بزانێت چۆن بە شێوەیەکی ئاسان فایلەکانی ناو هارددیسەکەکەیدا بدۆزێتەوە، یاخود کەسێکی تر کێشەی لە فۆتۆشۆپ هەیە، رەنگیشە هەندێك کێشەی لە چۆنیەتی گەڕان بێت لە گووگڵ. ئەمانەو چەندانی تر دەتوانن پرسیاری لەبارەوە بکەن و ئێمەش بە پێنج خولەك بە شێوەی ڤیدیۆیی بۆتان روون دەکەنەوە.

کە هەم بۆ ئێوە بەسودەو بە خێرایی دەگەنە چارەسەری کێشەکەتان و هەمیش کارێکی نەوعی و جوان و داهێنانکاریە.

بێگومان لە داهاتوودا ئەو هەموو پرسیارە لە ئێووەوە دێت و بە پێنج خولەك لەلایەن ستافی سی فۆر کوردەوە وەڵام دەدرێتەوە ببێتە گەنجینەیەك کە هەموومان تێیدا بەشدارین و بە شێوەیەکی دیڤیدی تایبەت بە گۆڤار بڵاوی بکەینەوە.

ئەوەش لە یادنەکەین کە با پرسیارەکانتان گشتگیر نەبێت، بۆ نمونە کەسێك بپرسێت چۆن دەتوانین سایت دروست بکەین؟ ئەم پرسیارە نەك بە پێنج خولەك بەڵکو بە پێنج کاتژمێریش وەڵامێکی تەواوی نادرێتەوە. بەڵام دەتوانرێت بوترێت من سایتێکم هەیەو چۆن فایلەکانم ئەپلۆد بکەم لە رێگەی فرۆنت پەیج.

بەمشێوەیە ئێمەو ئێوە پێکەوە دەتوانین کارێکی نەوعی و جوان و پێشکەوتوو بکەین کە هەموو یوزەرێکی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت سودی لێ ببینێت. حەزیش دەکەم ئەوەش بڵێم کاتێك پرسیار لەیەکێکەوە دێت ئەوا سەرەتا پرسیارەکەو ناوی کەسەکە دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی ناوی هەموان لەنێو ئەو گەنجینەیەدا هەبێت کە لە داهاتویەکی نزیك بە پشتیوانی هەموو لایەك دێتەدی.

بۆ ئەمجارەش دوو پارچە ڤیدیۆیی فێرکاریمان بۆ ئامادەکردون:

یەکەمیان: رونکردنەوەیەکە لەسەر فۆڵدەر ئۆپشن کە لەلایەن مامۆستا عەبدولباسیت کامیل باسکراوەو بەشێوەیەکی سادەو ئاسان زۆربەی بەشەکان روون دەکاتەوە.

دوهەمیان: چۆنیەتی لێکدانی دوو وێنەیە لە بەرنامەی فۆتۆشۆپ و نوسینێك تێیدا کە وەك پۆستەرێك خۆی پیشان دەدات.

بەو ئومێدەی ئەمکارەش بەشێك لەو پرۆژەیەمان بگرێت کە هەمیشە هەوڵی بۆ دەدەین و ئەویش خزمەتی زیاتر و باشتر بۆ ئێوەی ئازیز.




# بەرنامەیەك بۆ گۆرینی فایلی کوردی PDF بۆ سەر وۆرد





مەهدی هادی ئۆمەربلی
mahdawy4@c4kurd.com

❒ یەكێك لە پرسیارە زۆر كراوو بێ وەڵامەكان، یەكێك لە كێشە چارەسەرنەكراوەكان ئەوە بوو كە چۆن بتوانین فایلێكی نوسینی كوردی پی دی ئێف بكەینە فایلێكی وۆرد و دەستكاری نوسینەكانی بكەین. بەرنامەی لەو شێوە هەبوە كە تەنها زمانی ئینگلیزی كردوە بەڵام بۆ زمانی كوردی نەبوە.


ئەو بابەتەی لەبەر دەستتە دایە ماوەیەكی زۆر و ماندووبونێكی زۆری بۆ كراوە تا بەدەست كەوتووە لەبەر زۆری داواكارانی بەرنامەیەكی ئاوا زۆر جار پرسیارمان لێكراوە بەرنامەیەك نەبووە لە سەداسەد ئەو كارە بە بێ كێشە ئەنجام بدا بەڵام ئەو بەرنامەیەی كە باسی دەكەین بەناوی (PdfGrabber)بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم لە سەدا سەد كارەكە بە رێك و پێكی ئەنجام دەدا، لەگرنگترین تایبەتمەندی یەكانی ئەو بەرنامەیە ئەوەیە كە دیزاینی سەرەكی پەیجەكە چۆن كرابێت هەمان شێوە بۆت دەخاتەوە ناو بەرنامەی وۆرد، سەرەتا بەرنامەكە دابەزێنەو ئەمەش رووكەشی بەرنامەكەیە كە لەم وێنەیەی خوارەوەدا روون بوەتەوە:




بۆ ئەوەی كارەكە جێ بەجێ بكەین فایلەكی PDF دەبێت هەبێت لەسەر كۆمپیوتەرەكەمان ئێمە هەستاین لە یەكێ لە گۆڤارەكانی كوردستان بە ناوی هاوار فایلەكی PDF مان وەرگرت كەناونیشانەكی (كوردەكانی سۆڤیەت) فایلەكی PDF لە چوار پەر داندراوە ئێستا دەیكەین بە فایلەكی وۆرد ئێوەش فایلەكی PDF تاقی بكەنەوە، كلیكی Add بكەن لە بەرنامەكە وەكو ئەو وێنەیەی لەوبەردا روون بوەتەوە:





ویندۆیەك دەبێتەوە دەتوانیت لە رێگای ئەم ویندۆیەوە فایلە PDF ە كەت بهێنیتە ناو بەرنامەكە بە كلیك كردن لەسەر PDF ە كەو وە كلیك كردن لەسەر بووتونی OPEN





پاش هێنانی فایلە PDF ە كە لینكی سەیڤ كردنی وۆردەكە لە كوێ سەیڤ دەكەی دیاری بكە لەو بەستەرە شینەی لە ناوەراستی بەرنامەكەیە دواتر كلیك كردن لە

www.c4kurd.com


خوارەوەی بەرنامەکە دەکەین لەسەر بووتونی Export هەڵدەست بە ئەنجامدانی کارەکە





لەویندۆی دوای ئەوە بەردەوام دەبین لەسەر کلیک کردن لەسەر OK





دواتر پەیامێکت بۆ دێت پێت دەڵێت دڵنیای لەو کارەی کە دەیکەیت تۆش کلیک بکە لەسەر بوتونی Yes بکە تاکو بەردەوام بێت لەسەر گۆڕینی فایلە پی دی ئێفەکەمان بۆ نوسینی وۆرد وەکو لەم وێنەیەی خوارەوە روون بوەتەوە





دوای ئەو هەنگاوە چاوەڕێ بکە تا گشت بەشەکان دەگۆڕێت بۆ سەر بەرنامەی وۆرد. ئەم کارەیان بە پێی زۆری لاپەڕەکانی فایلە پی دی ئێفەکەت کات دەخایەنێت ئەگەر لاپەڕەکانی زۆر بێت ئەوا کاتی زیاتر دەخایەنێت. ئەگەر سەیری وێنەکەی ئەو بەر بکەیت زیاتر بۆت روون دەبێتەوە:




لە ویندۆی کۆتاییش کلیک دەکەین لە سەر OK و خۆکارانە پەیجەکانی دەخاتە ناو بەرنامەی وۆرد




ئەمەش ئەنجامی کارەکەمانە لە بەرنامەی وۆرد:




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( pdf2word ) هەیە.



# مەبەست لە «ICDL» یان مۆڵەتی نێودەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر چییە؟

هەردەوان نەقشبەندی ـ قوتابی ماستەر

❐ هەموو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر، بەتایبەتی ئەوانەی بە هەوڵدانی بەردەوام و بێوچان خۆیان فێری کۆمپیوتەر و زانستی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان کردووە، هیواخوازن کە بڕوانامەیەك یان مۆڵەتێك بەدەست بهێنن تاوەکو لە هەر ئان و ساتێکی پێویستدا بەهۆی ئەو بڕوانامەیەوە لێهاتووی خۆیان بسەلمێنن لەمبوارەدا. چونکە وەك هەموومان دەزانین لە کۆمەڵگەی ئێمە و کۆمەڵگەی ڕۆژئاواش، چەند شارەزاو لێهاتووش بیت دەبێت هەڵگری بڕوانامەیەك بیت تاوەکو بە کەسانێتری نیشان بدەیت کە تۆ ئاستت لەوبوارەدا چۆنە. بۆ ئەم مەبەستەش بەپێویستمزانی لەم بابەتەدا تیشك بخەمە سەر (مۆڵەتی نێودەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر).

وشەی «ICDL» کورتکراوەی(International computer Driving License)ە، مۆڵەتێکی نێودەوڵەتییە لەلایەن دەزگای ECDL Foundation سەرپەرشتی دەکرێت و ڕێکخراوی یونسکۆش پارێزگاری لێدەکات. ئەم بڕوانامەیە سەلمێنەری توانای ئەو کەسەیە کە پێیدەدرێت لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەردا. دەزگای ناوبراویش دامەزراوەیەکی ئەوروپییە بنکەکەی لەشاری دبلنە و پرۆژەکەشی لە بڵاوبوونەوەو فراوانیدایە بەناو وڵاتانی جیهاندا. هەموو کەسێکیش بەبێ گوێدان بەتەمەن و ڕەگەزو باکگراوندی ڕۆشنبیری دەتوانێت ناوی



خۆی لە یەکێك لەسەنتەرەکانی فێرکردنی مێتۆدەکانی ICDL تۆماربکات و بەشداری لە تاقیکردنەوەکانیشیدا بکات، تا لە کۆتاییدا بڕوانامەکە بەدەست بهێنێ. هەرچی مۆڵەتی The European Computer Driving License یش کە بە ECDL کورتکراوەتەوە، ئەمەشیان تایبەتە بەپێوانەی ئاستی شارەزایی ئەو کەسەی کە پێیدەدرێت لەبواری کۆمپیوتەردا لەناو وڵاتانی ئەورووپا. سەرەتا ساڵی 1994 لەوڵاتی فنلەندا سەریهەڵدا، دواتر لەساڵی 1997 بەناو هەموو وڵاتانی ئەورووپی بڵاوبۆوە. ئێستاش ئەم بڕوانامەیە بەیەك لە مەرجە سەرەکییەکانی دامەزراندن دادەنرێت. ئەمڕۆ ژمارەی ئەو وڵاتانەی جیهان کە سەنتەری بەخشینی مۆڵەتی «ICDL» یان تێدایە 88وڵاتە و کۆی ژمارەی سەنتەرەکانیش 15000 سەنتەرە و لەو ژمارەیەش 90 سەنتەریان لە وڵاتانی نیشتمانی عەرەبیدایە، و ئەو کەسانەی کە ناویشان تۆمارکردووە بۆ خوێندن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە ناویاندا گەیشتۆتە 2.7 ملیۆن بەکارهێنەر.

### شێوازی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بڕوانامەی ICDL

تاقیکردنەوەی ICDL بە چەند شێوازێك ئەنجام دەدرێت کە بریتین لەمانە

1. MANUAL : ئەمجۆرە تاقیکردنەوەیان وەك پرۆژەیەك وایە کە دەبێت بەکارهێنەر سەرجەم وەڵام و داواکارییەکان لەسەر سیدی پێشکەشی بکات بە یەکێك لە سەنتەرە باوەڕ پێکراوەکان و پاشان دەنێرێت بۆ بنکەی سەرەکی و بە تێپەڕبوونی هەفتەیەك ئەنجامەکان بەدیار دەخرێت.
2. AUTOMATED: ئەمجۆرە تاقیکردنەوە بەهەمان شێوەی تاقیکردنەوەی ئاسایی ئەنجام دەدرێت. واتە دەبێت قوتابییە ئامادەبێت و تاقیکردنەوە ئەنجام بدات.
3. ON LINE: ئەمجۆرەیان ڕاستەوخۆ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێك ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت کە ڕاست وەڵام دراوەتەوە یان نا و

www.c4kurd.com

پاش تەواوکردنی تاقیکردنەوەکەش ڕاستەوخۆ ئەنجامەکەش ئاشکرا دەکرێت.

**میتۆدی خوێندنی ICDL**


میتۆدی خوێندنی وانەکانی ICDL تایبەتمەندی جیهانی هەیە، لەناویدا هەموو چەمکە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەشوێنی کارو کۆمەڵگە دەگرێتەخۆ، ساڵانەش میتۆدی خوێندنەکە نوێ دەکرێتەوە، کە کەسانی شارەزا ئەرکی دانان و پراکتیزەکردنی دەگێڕن. بەگشتیش لە 7 بابەتی سەرەکی پێکدێت و بۆ هەر بابەتێکیش تاقیکردنەوەی خۆی هەیە، دەرچوون لە تاقیکردنەوەکانیش مەرجی سەرەکی پێدانی مۆڵەتەکەیە.

بابەتەکان ئەمانەن:

**1. چەمکە سەرەکییەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان**

:(Basic Concepts of information technology)

لەم بابەتە داوا لە بەشداربوو دەکرێت پێکهاتە سەرەکییەکانی




کۆمپیوتەر بزانێت وەك سەیڤ کردنی داتاو زانیاری و هەروەها بەکارهێنانی پرۆگرامە ئەپڵیکەیشنەکان، لەگەڵ ناسینی زاراوەکان و ئاسایشی زانیارییەکان و تۆڕی کۆمپیوتەر.

**2. بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و فایلەکان**

:(Using the computer and managing files)

لەم بەشەشدا داوا لە بەشداربوو دەکرێت توانست و لێزانی خۆی دەربڕێت لەبەکارهێنانی لایەنە گرنگ و سەرەکییەکانی کۆمپیوتەر و سیستەمی کارپێکردن و هەروەها لە بەڕێوەبردنی فایلەکان و کۆپی کردنی فایلەکان.

**3. بەکارهێنانی مایکرۆسۆفت وۆرد**

(Word-processing: Microsoft Word):

لەم قۆناغەش داوا لە بەکاربەر دەکرێت لێهاتووی خۆی نیشان بدات لەلایەنەکانی پرۆگرامی مایکرۆسۆفت وۆرد بەتایبەتی لە نووسین دۆکیومێنت و فرمانەکانی فۆرماتین و ئیدت و پرێنت کردن و ئامادەکردنی لاپەڕەی نووسین.

**4. خشتەی داتاکان**

(Spreadsheets: Microsoft Excel):

لەم بابەتەش پێویستە بەکاربەر لە بنەما سەرەکیەکانی تابلۆی خشتە ئەلیکترۆنییەکانی پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ سەر دەربکات، لەرێگای بەکارهێنانی خشتەکان و هێڵکارییە بەیانییەکان و هەروەها هاوکێشە سادەکانی پرۆگرامەکە.

**5. ڕێساکانی داتابەیس**

:(Database:Microsoft Access)

لەم بابەتەش پێویستە بەشداربوو لێهاتوویی خۆی نیشان بدات لەسەر بەکارهێنانی ڕێساکانی داتابەیس لە پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ئەکسس هەروەها زانیاری لەسەر بەکارهێنانی فۆرم و کیوری و ڕاپۆرت.

**6. ئامادە کردنی پریزینتەیشن**

(Presentation: Microsoft PowerPoint):

لەمەشیان پێویستە بەشداربوو بسەلمێنێت دەتوانێت دەنگ و رەنگ و فیلمی ناو کۆمپیوتەر بەکاربهێنێت و بتوانێت پریزێنتەیشن ئامادەبکات بە پرۆگرامی مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت.

**7. زانیارییەکان و تەکنەلۆژیای گەیاندن**

:(Information and Communication)

لەم بەشەدا دوو شت پێوەرە بۆ سەرکەوتنی بەشداربوو، ئەوانیش شارەزایی لە بەکارهێنان و هەروەها گەڕان بەناو ئینتەرنێت و لەگەڵ شارەزایی تەواو بەکارهێنانی پۆستی ئەلیکترۆنی .

**تایبەتمەندییەکانی ICDL لەچی دایە؟**

وەك ئاماژەمان پێدا ICDL پێوەرێکی ڕاستەقینەیە بۆ بەدیارخستنی لێهاتویی تاك لە چۆنیەتی مامەڵەکردن بە کۆمپیوتەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش میتۆدو بنەماکانی دارێژراوە. هاوکات هاوسەنگی نێوان ئاستەکانی پێداویستی زانست و توانستی تاکەکان لە زۆربەی بوارەکان دیاری دەکات. بۆیە لەمەرجەکانی گەیشتن بە پرۆگرامەکە داکۆکی لەپێوانەی تایبەت بەشارەزایی بەشداربوون دەکرێتەوە.

**سوودەکان بڕوانامەی ICDL**

*توانستی‌تایبەتی‌فەرمانبەرلەبواری‌تەکنەلۆژیای‌زانیارییەکان و لێهاتوویی بەکارهێنانی لەکۆمپیوتەر دیاریدەکات.

* ئاستی بەرهەم هێنان لەناو کارگەو شوێنەکانیتر باشتر دەکات.

*هەلی دەستکەوتنی کار لەلای تاك زیاتر دەکات.

*لەناو دامەزراوەکاندا دەبێت بەپێوەرێکی هەستیار بۆ هەڵسەنگاندنی فەرمانبەر.

*هاو ئاستی فەرمانبەران بەدیار دەخات.

*بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئاست بەرزی دامەزراوەکان.

www.c4kurd.com



# پلانـــدانان بـۆ دامـەزرانـــدن و دروستكـــردنـــى نێتـــۆرك

ئەنــدازیار حــازم حەمەد جــاف

- بەشی ١٢ -

لەبەشی ئەمجارەی زنجیرەكەماندا باس لەهەر سێ جۆری پەیوەندی كردنی (یونیكاست Unicast، برۆدكاست Broadcast و مەڵتیكاست Multicast) دەكەین. كە هەریەك لەوانە جۆرێكن لە پەیوەندی كردنی هۆستەكان لە IPv4.

سەرەتا زۆر بەكورتی پێناسەی هەر یەكێكیان دەكەین:

یونیكاست-Unicast (ناردنی یاخود پەخشی یەكانە): پرۆسەی ناردنی پاكێتی داتایە لە هۆستێك بۆ هۆستێكی تری دیاریكراو.

برۆدكاست-Broadcast (پەخشی گشتگیر): پرۆسەی ناردنی پاكێتی داتایە لە هۆستێك بۆ هەموو هۆستەكان لە نێتۆركەكەدا.


مەڵتیكاست-Multicast (پەخشی جۆراوجۆر): پرۆسەی ناردنی پاكێتی داتایە لە هۆستێكەوە بۆ كۆمەڵێك هۆستی دیاریكراو.

لە نێتۆركدا هەریەك لەم جۆرە پەیوەندیكردنانە بۆ مەبەستێكی دیاریكراو بەكاردەهێنرێت.

### پەیوەندیكـــردنی یونیكـــاست (Unicast):

پەیوەندیكردنی جـۆری یونیكاست لە هــەردوو جۆری نێتۆركی (Client/server) و (peer-to-peer) بریتییە لە پەیوەندیكردنی هۆست بە هۆستەوە (host-to-host). پاكێتەكانی یونیكاست ناونیشانی هۆستی ئامێری ئامانج وەكو ناونیشانی ئامانج (Destination) بەكاردەهێنێت و لەناو (header)ی پاكێتەكە دایدەنێت بۆ ئاراستەكردنی داتاكان لە ئامێری سەرچاوە (Source)وە بۆ ئامێری ئامانج (Destination)، دەكرێت ئامێری ئامانج لە هەمان نێتۆركی ئامێری سەرچاوە بێت یاخود نێتۆركێكی جودا.

لەو وێنەیەی ئەوبەر پەیوەندی یونیكاست روون كراوەتەوەو دەبینین كە ئامێری سەرچاوە (كۆمپیوتەر) خاوەنی ئای پی (172.16.4.1) پاكێتێكی داتا دەنێرێت بۆ ئامێری ئامانج (پرێنتەر) هەڵگری ئای پی (172.16.4.253) لەهەمان نێتۆركدا. وەكو دیارە ئەو پاكێتە داتایە چونكە بۆ ئامێرێكی دیاریكراو ئاراستە كراوە تەنها ئەو ئامێرە وەریدەگرێت كە ئاراستەی كراوە.




### پەیوەندیكـــردنی برۆدكـــاست (Broadcast):

لەبەرئەوەی جۆری برۆدكاست بەكاردێت بۆ ناردنی پاكێتەكان بۆ هەموو هۆستەكان، بۆیە پێویستە بە ناونیشانێكی تایبەت ئەو پاكێتانە بنێرێن كە لە (header)ی ئامانجەكە دیاری بكرێت. كاتێك هۆستەكان ئەو پاكێتە داتایە وەردەگرن كە هەڵگری ناونیشانی برۆدكاستە ئەوا بۆ ناردنەوەی پاكێتەكە بـەو ناونیشانە یونیكاستە دەینێرنـەوە كە لـە سەرچاوە (source)ەكەدایە.

پەیوەندیكردنی برۆدكاست ئەوكاتە بەكاردەهێنرێت بۆ خزمەتگوزاری (Services) یاخود ئامێرێكی تایبەت كە ناونیشانەكەی دیارنەبێت، یـان ئـەو هۆستە پێویستی بە زانیـاری هەبێت دەربـارەی هـەموو ئـەو هۆستانەی كە لە نێتۆركەكەدان.

نموونەیەك بۆ بەكارهێنانی برۆدكاست:

داواكردنی ناونیشانی هۆستەكانی نێتۆركەكە.

كاتێك هۆستێك پێویستی بە زانیـاری هەبێت، ئـەوا ئەو هۆستە هـەڵدەستێت بە نـاردنی داواكارییـەك (request) كە پێی دەوترێت (query) بەناونیشانێكی برۆدكاست بۆ

www.c4kurd.com

هەموو هۆستەکانی ئەو نێتۆرکە. یەکێك یاخود چەند هۆستێك وەڵامی ئەو داواکارییە دەدەنەوەو ئەو زانیارییە داواکراوانە بە ناونیشانێکی یونیکاست دەنێرنەوە بۆ هۆستی داواکار.


بەهەمان شێوە کاتێك هۆستێك زانیاری دەنێرێت بۆ هۆستەکانی تر ئەوا زانیارییەکە بە پاکێتێکی برۆدکاست بۆ هۆستەکان رەوانە دەکات.

بە پێچەوانەی یونیکاست پاکێتەکانی برۆدکاست دەتوانرێت بچنە دەرەوەی نێتۆرکی ناوخۆ (non-local network)، هەرچەندە لەحاڵەی ئاساییدا پاکێتەکانی برۆدکاست ناچنە دەرەوەی نێتۆرکە ناوخۆیەکان تەنها ئەگەر راوتەرەکە وا کۆنفیگەر کرابێت کە رێگە بە پاکێتەکانی برۆدکاست بدات کە تێپەڕن بۆ دەرەوە، یاخود جۆری برۆدکاستەکە ئەوە بێت کە رێگە پێدراوە بچێتە دەرەوە.

دوو جۆر برۆدکاستمان هەیە یەکێکیان پێی دەوترێت برۆدکاستی راستەوخۆ (Directed Broadcast) ئەویتریان برۆدکاستی سنووردار (Limited Broadcast)، کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

**برۆدکاستی راستەوخۆ** (Directed Broadcast):

برۆدکاستی راستەوخۆ بەرکاردێت بۆ ناردنی داتا بۆ هەموو هۆستەکان لە نێتۆرکێکی دیاریکراودا. سوود لەم جۆرەی برۆدکاست دەبینرێت بۆ ناردنی داتا بۆ گشت هۆستەکان بۆ نێتۆرکێکی دەرەوەی نێتۆرکی ناوخۆ. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت داتایەك بۆ هۆستەکانی دەرەوەی نێتۆرکی ناوخۆی (172.16.4.0/24) بنێرین ئەوا ئەو پاکێتە داتایانە پێویستە بۆ ناونیشانی (172.16.4.255) بنێردرێت. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە پەیوەندیەش هەبێت لەنێوان تۆڕەکان پێویستە لە راوتەرەکان وا کۆنفیگرەیشن بکرێن بۆ فۆروەرد کردنی داتاکانی برۆدکاست، چونکە بە شێوەیەکی ئاسایی راوتەرەکان ناهێڵن پاکێتەکانی برۆدکاست بۆ دەرەوەی نێتۆرکی ناوخۆ تێپەڕبن. وەکو لە وێنەکەدا دیارە.




**برۆدکاستی سنووردار** (Limited Broadcast):

برۆدکاستی سنووردار بەکاردەهێنرێت بۆ پەیوەندیکردن و ناردنی داتای برۆدکاست لە هۆستێکەوە بۆ هۆستەکانی نێتۆرکی ناوخۆ واتا هەمان ئەو نێتۆرکەی کە هۆستەکەی تێدایە. لەم جۆرە برۆدکاستە پاکێتەکانی داتا ناونیشانی ئامانجی (255.255.255.255) بەکاردەهێنن لە (IPv4) دا. راوتەرەکان ئەم جۆرە پاکێتانە فۆروەرد ناکەن واتا ناهێڵن بۆ دەرەوەی نێتۆرك تێپەڕبن. راوتەرەکان بەهیچ شێوەیەك رێگە نادەن بەتێپەڕبوونی هەر پاکێتێك کە بۆ (255.255.255.255) بنێردرێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە هەر نێتۆرکێك کەبە راوتەرەوە بەسترابێتەوە دەوترێت برۆدکاست دۆمەین (Broadcast Domain) واتا بوارو سنووری کارکردنی برۆدکاست. سەیری وێنەی پێشوو بکە بۆ روون کردنەوەی برۆدکاستی سنووردار.

بۆ نموونە هەر هۆستێك لە تۆڕی (172.16.4.0/24) ئەگەر بیەوێت لەناو تۆڕە ناوخۆییەکەیدا برۆدکاست بنێرێت پێویستە بە (255.255.255.255) بینێرێت.

وەکو لەم چەند دێڕەی پێشوو فێربووین کە هەر پاکێتێکی برۆدکاست لە نێتۆرکەکەدا بنێردرێت پێویستە لەسەر هەموو هۆستەکانی ئەم نێتۆرکە ئەم پاکێتە وەربگرن و پرۆسێسی پێویستی بۆ ئەنجام بدەن. راوتەرەکان سنووری برۆدکاست سنووردارەدەکەن و ناهێڵن بۆ دەرەوەی نێتۆرکەکە تێپەڕبن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی توانای نێتۆرکەکە، چونکە ئەگەر وانەبوایەو ئەو پاکێتە برۆدکاستانە بۆ دەرەوە تێپەڕبان ئەوا قەرباڵغیەکی (Traffic) زۆری لەسەر نێتۆرکەکان دروست دەکردو دەبووە هۆی هێواشی نێتۆرکە ناوخۆییەکەو هەموو ئەو نێتۆرکانەی کە بەم نێتۆرکە ناوخۆییە بەستراونەتەوە.

**پەیوەندی کردنی مەڵتیکاست** (Multicast):

پەیوەندیکردنی مەڵتیکاست بۆ ئەوە دیزاین کراوە کە پارێزگاری لە باندویدسی تۆڕەکە بکات و قەرەباڵغی لەسەر تۆڕەکە کەم بکاتەوە. لەم جۆرەدا هەر هۆستێك دەتوانێت پاکێتێکی مەڵتیکاست بۆ چەند هۆستێکی دیاریکراو بنێرێت کە لە گروپێکی مەڵتیکاست بێت بێ ئەوەی هۆستەکانی تری هەمان نێتۆرك ئەم پاکێتانە وەربگرن. هەر هۆستێك بیەوێت پاکێتێکی مەڵتیکاست بنێرێت بۆ چەند هۆستێکی دیاریکراو ئەوا پێویستە پەیوەندی یونیکاست بەکاربهێنێت بە واتای ئەو هۆستە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی کۆمەڵێك هۆست و بۆ هەر یەکێکیان بە جیا ئەم پاکێتە لەهەمان کاتدا دەنێرێت.

چەند نموونەیەك بۆ پەیوەندیکردنی مەڵتیکاست:


پەخشی دەنگ و رەنگی کۆدکراوی تەلەفزیۆنەکان، ئەپدەیت کردنی زانیاری راوتینگ لە پرۆتۆکۆڵەکانی راوتینگ و دابەشکردنی سۆفتۆێر... هتد.

www.c4kurd.com

هەر هۆستێك بیەوێت كە بەشداربێت لە داتاكانی مەڵتیكاست پێویستە پێشوەخت لە ڕێگەی پرۆگرامێكی تایبەتەوە بەشداربێت لەو گروپە مەڵتیكاستە. هەر گروپێكی مەڵتیكاست ناونیشانێكی (ئای پی) مەڵتیكاستی دیاریكراوی پێدەدرێت وەكو ئامانج (Destination) بۆ ئەو گروپە. وەكو لە بەشەكانی پێشوو باسمان كرد لە (IPv4) كۆمەڵێك ئای پیمان هەبوو كە بۆ مەڵتیكاست دیاریكرابوون كەئەمیش بە (224.0.0.0) دەست پێدەكات و بە (239.255.255.255) كۆتایی دێت، ئەم ناونیشانانە بۆ گروپەكانی مەڵتی كاست دیاریكراون.

ئەم نموونەی خوارەوە پەیوەندی مەڵتیكاست زیاتر ڕوون دەكاتەوە:

كاتێك هۆستی (172.16.4.1) بیەوێت پاكێتێك داتای مەڵتیكاست بنێرێت بۆ هەریەك لە هۆستەكانی (172.16.4.3) و (172.16.4.4) ئەوا پێویستە بە ئامانجی (Destination) ی (224.10.10.5) بینێرێت بۆ ئەوەی هەردووكیان لەهەمان كاتدا ئەو پاكێتە داتایە وەربگرن و هۆستەكانی تر كە لەهەمان نێتۆركیشن ناتوانن ئەو داتایە وەربگرن چونكە بەشدارنین لەو گروپی مەڵتیكاستەی ئەوان كە ناونیشانەكەی (224.10.10.5) یە. وەكو لەم وێنەی خوارەوە ڕوون كراوەتەوە:







# زانیاری زۆر وردی كۆمپیوتەرەكەت لە ڕێگای دۆسەوە بزانە


محەممەد ئەبوبەكر تۆفیق
mohamad11@gmail.com

❐ لە ژمارەكانی پێشووی گۆڤارەكەمان باسی سیستەمی Dos مان كردوە لەم ژمارەیەشدا پێمان باشە باسی یەكێك لەو كردارە زۆر گرنگانەی سیستەمی دۆس بكەین كە دەتوانرێت كۆمەڵێك زانیاری كە زۆر پێویستیە سەبارەت بە كۆمپیوتەرەكەمان بداتێ.
بۆ ئەمكارەش دەتوانین لەڕێگەی run بزانین زانیارییەكانی كۆمپیوتەرەكەمان چییە ئەویش بە نووسی dxdiag پاشان ئینتەر بەشێك لەو زانیاریمان دەست دەكەوێت بەڵام زۆرجار ڕەنگە وەك پێوست ئەو زانیارینە وورد نەبن بۆ ئەوەی بتوانیت كۆمەڵێك زانیاری وردتر و زیاتر بزانیت سەبارەت بە كۆمپیوتەرەكەت ئەوا بەم شێوەیە دەتوانیت ئەم هەنگاوانە بگریتە بەر سەرەتا لە بۆشای run بنووسە cmd پاشان دەچێتە ناو سیستەمی Dos لێرەدا بنووسە systeminfo و پاش چەند چركەیەك كۆمەڵێك زانیاری وردت نیشان دەدات.


```
C:\Windows\system32\cmd.exe
Microsoft Windows [Version 6.1.
Copyright (c) 2009 Microsoft Co

C:\Users\mohamad> systeminfo_
```

ناوی و جۆری كۆمپیوتەرەكەت ئەویش لەبەشی system model.
جگە لەوەی دەتوانیت قەبارەی تەواوی ڕامەت بزانیت. هەروەها ڤێرژنی ویندۆكەت و كەی ئەو ویندۆزە سێتئەپ كراوە لەسەر كۆمپیوتەرەكەت. ڤێرژنی بایۆس و كاتی دروستكردنیشی یەكێكە لەو زانیاریانەی تێیدایە.
لەوەش گرنگتر پێت دەڵێت چەند پرۆسێسەر لەسەر كۆمپیوتەرەكەت كار دەكات و گەلێك زانیاری تر كە تایبەت بە كۆمپیوتەرەكەت بۆ دەردەخات.


```
C:\Windows\system32\cmd.exe
Microsoft Windows [Version 6.1.7600]
Copyright (c) 2009 Microsoft Corporation.  All rights

C:\Users\C4kurd>systeminfo

Host Name:                 C4KURD-PC
OS Name:                   Microsoft Windows 7 Ultima
OS Version:                6.1.7600 N/A Build 7600
OS Manufacturer:           Microsoft Corporation
OS Configuration:          Standalone Workstation
OS Build Type:             Multiprocessor Free
Registered Owner:          C4kurd
Registered Organization:
Product ID:                [redacted]
Original Install Date:     1/5/2010, 8:15:59 PM
System Boot Time:          3/19/2010, 7:16:10 PM
System Manufacturer:       Hewlett-Packard
System Model:              HP Pavilion dv6000 (GS632
System Type:               X86-based PC
Processor(s):              1 Processor(s) Installed.
                           [01]: x86 Family 6 Model 1
~2000 Mhz
BIOS Version:              Hewlett-Packard F.27
Windows Directory:         C:\Windows
System Directory:          C:\Windows\system32
```



# چەند ئامۆژگاری و زانیاریەك بۆ ئەوانەی كۆمپیوتەر بەكاردەهێنن

م. سۆزان كمال رشيد

## چەند ئامۆژگاریەك بۆ ئەوانەی كۆمپیوتەر بەكار دەهێنن

1.زۆر نزیك نەبوونەوە لە شاشەی ( كۆمپیوتەر ) بۆ ئەوەی زیان بە چاو نەگەیەنێت، پێویستە بەرزی شاشەكە لە ئاستی چاودا بێت و دووریەكەی نزیكەی ( 60 سم ) بێت بەقەبارەیەكی دیاری كراو باشتر وایە (مرشح الشاشة ) ( Filter ) بەكار بێت بۆ كەم كردنەوەی وورووژێنەرەكانی شاشەكە .



2. پشوودان ناوبەناو بەرێك و پێكی .

3. هەوا گۆركێ ئەنجام بدرێت لە شوێنەكەدا بەبەردەوامی.

4. رووناكی یەكی ( مام ناوەند ) بەشێوەیەك ئامێرەكە بەو جۆرە بێت كە رووناكی یەكە پێچەوانەی شاشەكە بێت لەگەڵ رووناكی پەنجەرەكان .

5. هەڵبژاردنی ( كورسی ) كە پێك هاتبێت لە بنكەیەك بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی تەواو هاوسەنگ بێت كە بتوانرێت بەرزیەكەی رێك بخرێت بە پێ ی پێویست وادانیشێت كە پاڵ بدرێتەوە بە شێوەیەكی گونجاو .

6. قاچت دابنێ لەسەر زەوی یان لەسەر پارچە شتێك .

7. دانانی كۆمپیوتەرەكە لەسەر شوێنێكی رەق بۆ ئەوەی بتوانرێت ماوسەكە بە ئاسانی بجوڵێنرێت .

8. بەرگێك بكرێت بۆ ( ماوسەكە ) بۆ پارێزگاری كردن لەسەر پاك و خاوێنی لە تەپ و تۆز كە ئەبێتە هۆی كەم كردنەوەی جوڵكەی .

## پارێزگاری كردن لەكاتی هەڵسوكەوت كردنت لەگەڵ كۆمپیوتەر

بەكارهێنەر پێویستە چەند رێنمایەك رەچاو بكات لەكاتی بەكارهێنانی كۆمپیوتەر بۆ دوور كەوتنەوە لە هەڵە.

1. دڵنیا بوون لە وایەرە كارەباییەكان لە شوێنی راست و دروست بێت و هیچ شوێنێكی بە دەرەوە نەبێت واتە بە ماددەی نەگەیەنەر پێچرابێتەوە .

2. سەیركردنی وایەر و كەرەسە كارەبایی یەكان و شوێنی هێنانی تەزووی كارەبا پێش بەكار هێنان وابێت لە جۆری زۆر باش بێت.

3. ئامێری دابەش كردنی كارەبا وابێت كە چەند ئامێرێكی لێ نەبەسترابێت بۆ ئەوەی ئەو كەسە لە مەترسی لە گرتنی كارەبا و سوتاندن بپارێزێت.

5. بەشێوەیەكی رێك و راست دروست ئیشی پێ بكرێت و بكوژێتەوە.

6. پارێزگاریكردن لە پاك و خاوێنی كەرەسەكان كە لەگەڵ كۆمپیوتەرەكە بەستراون وەك كەیس و Pawar Suplay.

## لە باش یەكانی بازرگانی بە شێوەیەكی ئەلەكترۆنی

1. لە خزمەتكردنی ( بەردەوامدایە) بۆ ماوەی ( 24 ) كاتژمێر لە رۆژێكدا یان ( 7 ) رۆژ لە هەفتەیەك دا.

2. كەم كردنەوەی ( كات ) بۆ وەرگرتنی كاڵاكان، بۆ نموونە كاتی كڕینی بەرنامەیەك بۆ هێنانی بۆ كۆمپیوتەرەكەت هیچ لەسەر تۆ ناكەوێت تەنها بەناردنی ئەو نرخەی كە بۆی دانراوە.


3. بواری باش ئەرەخسێنێ بۆ زیاتر وەرگرتن و فراوان بوونی جۆری شت و مەكە بەرهەم هاتووەكان، ئەتوانێ بە هۆی ئەم رێگەیەوە كرین و نرخی كاڵاكە روون بكرێتەوە لە هەر فرۆشگەیەكە بگونجێت لەگەڵ ویستی تۆدا.

## لە خراپیەكانی بازرگانی ئەلیكترۆنی

1. ناتوانی هەموو شت و مەك و كاڵاكان بەچاوی خۆت ببینی .

2. هەتا ئێستا خەڵكی متمانەی تەواو ناكەن بە ناردنی نرخی كاڵاكان بەرێگەی ئینتەرنێت .

3. كەسەكان وای بە چاك دەزانن كە خۆیان تێكەڵ بە كەسایەتی تر بن وەك لە كاتی كرینی كاڵاكاندا گفتوگۆ ئەنجام دەدرێت لەگەڵ فرۆشیارەكە و پرسیاركردن لەسەر جۆری كاڵاكان .



# بیڵ گەیتس

## هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای IBM دا



بەشی سێیەم

ئا: محەممەد مێرگەیی
mergeyi@c4kurd.com

❒ ساڵی 1980 کۆمپانیای IBM ی جیهانی پڕۆژەیەکی دەستپێکرد بەناوی پڕۆژەی مانهاتن Manhattan Project بۆ دروستکردنی کۆمپیوتەرێکی کەسیی نوێ بەناوی IBM PC بۆ مەبەستی بەکارهێنانی لە نووسینگە و ماڵاندا. بۆ ئەمەش کۆمپانیاکە پێویستی بە سیستەمێکی ئیشپێکردنی نوێ هەبوو، بۆیە لە هەوڵێکدا بۆ بەدەستهێنانی سیستەمەکە هەستا بە پەیوەندی کردن بە کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە، بەڵام کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەم کاتدا سیستەمێکی ئیشپێکردنی ئامادەی نەبوو و هەستا بە پێشنیارکردنی سیستەمی ئیشپێکردنی CP/M و



کۆمپانیای Digital Research گەشەی پێدا. ئەوەبوو بە کردەیی کۆمپانیای IBM کاری لەسەر پێشنیارەکەی بیڵ کرد و نوێنەرانی کۆمپانیای Digital Research ڕوویانکردە کۆمپانیاکە بۆ چاوپێکەوتنی دامەزرێنەری کۆمپانیا (Gary Kildall)، بەڵام قەدەر وابوو ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجام نەدرێت، چونکە لەو کاتەدا Gary سەفەری کردبوو.

بەمشێوەیە کۆمپانیای IBM گەڕایەوە لای بیڵ گەیتس و داوای یارمەتیان لێکرد، ئەمجارە بیڵ بڕیاریدا خۆی داواکەیان بەجێبهێنێ و سیستەمەکەی کە داوایان کردبوو پێیان بدات. بیڵ و پۆل ئالن هەستان بە کڕینی مافی خاوەنیەتی تەواوی سیستەمی ئیشپێکردنی ئامادەکراو QDOS (QDOS- Quick & Dirty Operating System) بە بڕی پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی لە گەشەپێدەری سیستەمەکە پرۆگرامساز تیم پاترسن Tim Paterson کە لەو کاتدا لە کۆمپانیای سیاتڵ Seattl Computer prodect بۆ بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر کاری دەکرد، بەڵام کۆمپانیای مایکرۆسۆفت هۆکاری ڕاستەقینەی کڕینی ئەم سیستەمەی بە کۆمپانیای سیاتڵ ڕانەگەیاند. ئەم سیستەمە گونجاو بوو بۆ کارکردن لەگەڵ پرۆسێسەری ئەنتڵ کە لە دروستکردنی ئامێری IBM PC بەکارهاتبوو و مایکرۆسۆفت وەک سەرەتا ناوی گۆڕی بۆ PC-DOS .

لە ڕێکەوتنی هاوبەرشی نێوان مایکرۆسۆفت و IBM بیڵ گەیتس پێداگیری کرد لەوەی کە مایکرۆسۆفت تاکە دابینکەری سیستەمەکانی کارپێکردنی گشت کۆمپیوتەرە کەسییەکانی سەر بە کۆمپانیای IBM بێت، بەو واتایەی نابێت کۆمپانیای IBM گرێبەست لەگەڵ هەر کۆمپانیایەکی تری پرۆگرامسازییدا بکات بۆ کڕینی سیستەمی ئیشپێکردن بۆ بەرهەمەکانی، لەبەرامبەر ئەمەشدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بۆی هەیە پارێزگاری لە تەواوی مافەکانی بکات لە بەرەوپێشبردن و فرۆشتنی سیستەمی ئیشپێکردنی تایبەت بە خۆی بە کەسان و کۆمپانیاکان، ئەمەش هەوڵێك بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی بازاڕی پرۆگرامسازیی.

دواتر کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لە ساڵی 1981 ڤێرژنی سیستەمی ئیشپێکردنی بەناوی MS-DOS خستە بازاڕەوە




www.c4kurd.com

Microsoft Disk Operating System بەشێوەیەك كە نرخێكی نەگۆڕی هەبێت و بۆ هەموو كەس و كڕیارێك بێت-لەكاتێكدا پێشتر سیستەمەكانی ئیشپێكردن تەنها بە كۆمپانیایەكی دیاریكراو دەفرۆشرا بۆ ئەوەی هەر تەنها لەسەر ئامێرەكانی كۆمپانیاكە ئیشی پێ بكرێت، بەڵام لەگەڵ هاتنی سیستەمی MS-DOS سەردەمی قۆرخكردن كۆتایی پێهات و پڕۆگرامەكان كەوتنە بەردەستی هەمووان، ئامانجی بیڵ لەمەدا ئەوەبوو كە بنكەیەكی مەزنی بەكارهێنەرانی بەرهەمەكانی مایكرۆسۆفت دروستبكات و ببێتە دابەشكەری سەرەكی سەرجەم بەكارهێنەران.

پرۆگرامساز تیم باترسۆن لە كۆمپانیای سیاتڵ بۆ بەرهەمەكانی كۆمپیوتەر دەستی لەكاركێشایەوە بۆ ئەوەی ببێتە فەرمانبەر لە كۆمپانیای مایكرۆسۆفتدا. لە 12ی ئابی 1981 كۆمپانیای IBM بە فەرمیی دەركردنی كۆمپیوتەری كەسیی IBM PC ی ڕاگەیاند. دوای ئەم ڕووداوانە ناكۆكی كەوتە نێوان هەردوو كۆمپانیای مایكرۆسۆفت و سیاتڵ، بیڵ گەیتس و پۆل ئالن بە هەڵسوكەوت كردنی دوور لە ڕەوشتی پیشەگەریی تۆمەتباركران، چونكە كاتێك سیستەمی ئیشپێكردنی QDOS یان لە كۆمپانیای سیاتڵ كڕی بە هیچ شێوەیەك باسیان لەوە نەكرد كە ئەوان بۆ گەشەپێدانی سیستەمی ئیشپێكردنەكەیان لە دانوستان دان لەگەڵ كۆمپانیای IBM دا، كۆمپانیای سیاتڵ هەستا بە بەرزكردنەوەی داوایەكی یاسایی لە دژی مایكرۆسۆفت لەسەر ئەو بنەمایەی كە كۆمپانیای مایكرۆسۆفت شێوازی فێڵ و ئیستیغلال كردنی بەكارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی قازانج لە میانی شاردنەوەی زانیاری گرنگ لەبارەی سروشتی ئەو پەیوەندییەی كە لەگەڵ كۆمپانیای IBM دا هەیەتی. لە پاشاندا ئەم كێشەیە بە ڕێكەوتنێكی نێوان هەردوو لا لە دەرەوەی دادگا كۆتایی پێهات.

**دەست لەكاركێشانەوەی پۆل ئالن**

لەكۆتایی ساڵی 1982 پۆل ئالن تووشی نەخۆشی (هوجكنز) Hodgkin's disease هات كە جۆرێكی دەگمەنە لە شێرپەنجە، ئەمەش وای كرد پۆل ئالن لە كۆمپانیای مایكرۆسۆفت دەست لەكاربكێشێتەوە و خەریكی چارەسەركردنی نەخۆشییەكەی بێت، بەمەش بۆ هەتاهەتایە پۆل




مایكرۆسۆفتی بەجێهێشت، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی بەردەوام نەبوونی پەیوەندیی هاوڕێیەتی نێوان هاوڕێیانی (لایك ساید).

سەرهەڵدانی مایكرۆسۆفت ویندۆز و ئاگری جەنگ لەگەڵ Apple دا.

ئەپڵ بۆ كۆمپیوتەر Apple Computer .Inc كۆمپانیایەكی پێشەنگە لەبواری دروستكردنی ئامێرەكانی كۆمپیوتەر و سیستەمەكانی ئیشپێكردن، ساڵی 1976 دامەزراوە، لە بەرهەمهێنانی كۆمپیوتەری كەسیی ڤێرژنی هەمەجۆری هەیە لەوانە: ئەپڵ 1، ئەپڵ 2، ئەپڵ لیزا (Apple Lisa) و ئەپڵ ماكنتۆش-ماك (Apple Macintosh – Mac)، ڤێرژنەكانی ئەپڵ لیزا و ماكنتۆش بەوەجیادەكرانەوە كە تایبەتمەندیی ڕووكاری جێبەجێكاری (GUI)یان تێدا بەكارهاتبوو، كە تێیدا ویندۆ و ئایكۆن و لیست و نیشاندەری ماوس بەدیاردەكەوێت و ئەم تایبەتمەندییە بۆ یەكەمجار سەرەتای حەفتاكان لە سیستەمی ناسراو بەناوی Xerox PARC بەكارهێنرابوو، كۆمپانیای ئەپڵیش بەزۆری پشتی بەم سیستەمە دەبەست بۆ گەشەپێدانی GUIی تایبەت بە خۆی.

لە ساڵی 1985 مایكرۆسۆفت نوسخەی یەكەمی سیستەمی ئیشپێكردنی ویندۆزی بەرهەمهێنا واتە ( Microsoft Wi-





dows 1.0) كە تێیدا ڕووكاری جێبەجێكاری GUI ی وەرگیراو لە سیستەمی Xerox PARC بەكارهێنا، ئەمە بێجگە لە هەندێك بەش لە سیستەمی ئەپڵ لیزا و ماك (كۆمپانیای ئەپڵ لەسەر بنەمای ڕێكەوتنێكی نێوانیان ڕێگەی دا بە مایكرۆسۆفت كە ئەم بەشانە بەكاربهێنێت). ئەم سیستەمە جێگرەوەی سیستەمی ئیشپێكردنی MS-DOS و كێبڕكێكاری سیستەمەكانی تری بازاڕ بوو.

بەهۆی ئەم سیستەمەوە ئێتر بەكارهێنەر توانی ماوس بەكاربهێنێت و لەیەك كاتدا چەند ویندۆیەك بكاتەوە، لەگەڵ هەبوونی چەند بەرنامەیەكی وەك نۆتپاد و ساڵنامە و كاتژمێر و حاسیبە، سەرەڕای توانای ئەكتیڤكردنی سیستەمی ئیشپێكردنی MS-DOS .

لە ساڵی 1987 مایكرۆسۆفت نوسخەی دووەمی لە سیستەمی ویندۆز Windows 2.0 بەرهەمهێنا و چەند دەستكارییەكی تێدا ئەنجامدا، لەوانە زیادكردنی خێرایی معالج و زیادكردنی قەبارەی یادەوەری بەكارهێنراو، ئەمە سەرەڕای پاڵپشتیكردنی ویندۆكان بە تایبەتمەندیی overlapping واتە كردنەوەی چەند

www.c4kurd.com

ویندۆیەك بەسەر یەکدا. لەدوای دەرچوونی ڤێرژنی دووەمی ویندۆز، کۆمپانیای ئەپڵ




بۆ کۆمپیوتەر لە ساڵی 1988 داوایەکی یاسایی لە دژی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بەرزکردەوە و تێیدا تۆمەتباری کرد بە دزینی هەندێك ڕەگەزی تایبەت بە تایبەتمەندیی GUIی کۆمپیوتەری ئەپڵ ماکنتۆش و بەکارهێنانی لەسەر سیستەمی ئیشپێکردنی ویندۆزدا. لە ساڵی 1990 دوای ئەوەی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ڤێرژنی سێیەمی سیستەمی ویندۆزی بەرهەمهێنا، کۆمپانیای ئەپڵیش داوای یاسایی تری ئیزافەی سەر داواکانی تری کرد بە تۆمەتبارکردنی مایکرۆسۆفت بە دزی.

لە داواکانی کۆمپانیای ئەپڵ هاتبوو کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ڕواڵەت و ناوەڕۆکی look and feelی سیستەمی ئیشپێکردنی ماکنتۆشی دزیوە، لەوانە بەکارهێنانی هەندێك تایبەتمەندیی ویندۆکان وەك توانای کردنەوەی لەسەر دیسکتۆپ و گۆڕینی قەبارەکەی و شێوە لاکێشەیەکەی و هەبوونی شریتی تایتڵبار. پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە کێشەکەدا دادوەر پێداگیری کرد لەوەی کە دەبێت کۆمپانیای ئەپڵ لیستێکی دیاریکراوی ڕەگەزە دزراوەکان پێشکەش بکات، کۆمپانیای ئەپڵیش لیستێکی پێکهاتوو لە 189 ڕەگەزی پێشکەش بە دادگا کرد، دوای دیراسەکردنی لیستەکە دادوەر بڕیاریدا کە 179ی ڕەگەزەکان کۆمپانیای مایکرۆسۆفت مافی هەیە بەکاریان بهێنێت لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ساڵی 1985ی هەردوو کۆمپانیاکە، واتە بەر لە دەرچوونی ڤێرژنی یەکەمی ویندۆز. 10 ڕەگەزەکەی تریش موڵکی کۆمپانیای ئەپڵ نین لەبەرئەوەی هەندێکیان لە سیستەمی Xerox وەرگیراون و هەندێکی تریشیان تاکە ڕێگەن لە پیشاندانی بیرۆکەیەکی دیاریکراو، بەمەش دوای چوار ساڵ کێشە (واتە لە 1992ەوە) ئەپڵ داوا یاساییەکەی دۆڕاند.

هەندێك ڕەخنەگر وای بۆ دەچن کە کۆمپانیای ئەپڵ نەیدەخواست ئیدانەی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بکات بە قەدەر ئەوەی دەیویست دەست بەسەر مافەکانی نەخشەسازیی تەواوی بۆ ڕووکارەکانی GUIی گشت کۆمپیوتەرە کەسییەکانی بازاڕ بگرێت، بەڵام ئاواتەکانی نەهاتەدی، ئەمە لە بڕواو تینی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی کەم نەکردەوە بەڵکو زیاتر بەرەوپێشەوەی برد و ناوبانگی زیاتری پێدا. هەروەك بووە هۆی سەرکەوتنی ڤێرژنی سێیەمی ویندۆز، چونکە مایکرۆسۆفت نزیکەی 10 ملیۆن دانەی لە ویندۆز سێ فرۆشت و بووە هۆی دەست بەسەرداگرتنی بازاڕی سیستەمەکانی ئیشپێکردن، نەك هەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڵکو لە هەموو وڵاتانی جیهاندا.


کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ساڵ دوای ساڵ بەردەوام بوو لەدەرکردنی ڤێرژنی سەرکەوتوو لە سیستەمی ئیشپێکردنی ویندۆز، وەکو ویندۆزەکانی 95-98-2000-XP-Vista و لە ئێستاشدا Windows 7 تاکو مایکرۆسۆفت توانی ببێتە مەزنترین کۆمپانیای پرۆگرامەکان لە جیهاندا، قازانجەکەشی وایکرد بیڵ گەیتس ببێتە دەوڵەمەندترین کەس لە جیهاندا.

# بە بەرنامەی پایتەخت پایتەختی وڵاتان بزانە!

هۆمان فەرهاد homan1993@gmail.com

بەرنامەی ڤیژوەڵ بەیسك زۆر کاری جوان و سەرنج ڕاکێشی پێ دەکرێت. ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەکی بچوکە و دەتوانی لەڕێی ئەو بەرنامەیە پایتەختی زۆربەی وڵاتانی جیهان بزانیت، کە ئەم بەرنامەیە بەهۆی زمانی ڤیژوەڵ بەیسك دروستم کردوە.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( paytaxt ) هەیە.




بەکارهێنانی بەرنامەکە زۆر ئاسانەو لەو شوێنەی نوسراوە وڵات ناوی وڵاتەکە بنوسە یان لە لیستەکە بیدۆزەوە پاشان نوسراوە کلیك لێرە بکە کلیکی لەسەر بکە ناوی پایتەختەکەت پێدەدات.


www.c4kurd.com

# باشترین ئەنتی ڤایرۆسی خۆڕایی AVIRA و شیکردنەوەی روکارێکی



ئاسان کمال عبدالله
asankamal@hotmail.com

❑ ئەنتی ڤایرۆسی ئەڤیرا زیاتر لە 55 ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهان بەکاری دەهێنن. جگە لەوەی ئەم ئەنتی ڤایرۆسە ڤێرژنی خۆڕایی هەیەو دەتوانیت بۆ کۆمپیوتەرەکەتی دابەزێنیت. ئێمە لێرەدا تەنها باسی یەکێك لە روکارە گرنگەکانی ئەم ئەنتی ڤایرۆسە دەکەین کە لەکاتی دۆزینەوەی ڤایرۆس بەرچاومان دەکەوێت. هەرکاتێك ئەڤیرا ڤایرۆسێك دەدۆزێتەوە ئەم روکارەی خوارەوە پیشان دەدات:




بە وردی هەر یەکێك لەو بەشانە شی دەکەینەوە:

1- چاککردنەوە (Repair):

ئەم بەشەیان هەڵدەستێت بە چاککردنەوەی فایلەکە و سرینەوەی ڤایرۆسەکە.

2- گواستنەوە بۆ بەندکردن (Move To Quarantine):

هەڵدەستێت بە گواستنەوەی بۆ بەندکردن بە شێوەیەك کە زیان بە کۆمپیوتەرەکەت نەگەیەنێت ئەمەش کاتێك ئەبێت کە ڤایرۆسەکە نەسرێتەوە (ئەمەش هەندێ جار روو ئەدات).

3- نوسین لەسەر فایلەکە و دوای ئەوە سرینەوە (Overwrite and delete):

بەرنامەکە هەڵئەستێت بە نوسینی زانیاری لەسەر زانیاری ڤایرۆسەکە و دواجار سرینەوەی.

4- دووبارە ناونانەوە (Rename):

ناونانی درێژبوونەوەی فایلەکە بۆجۆری VIR ئەگۆڕێتەوە بۆئەوەی لەکار بکەوێت و ئیش نەکات (ئەم بەشە بەکاردێت کاتێك کە نەتوانرێت ڤایرۆسەی دیاریکراو بسرێتەوە لەبەرئەوە هەڵدەستێت بە پێدانی ناونان بۆ ئەوەی بوەستێت لەئیشکردن و زیان پێگەیاند بە کۆمپیوتەرەکە).

5- سرینەوە (Delete):

هەڵئەستێت بە ئەنجامدانی سرینەوەی ڤایرۆسەکە بەرێگایەکی ئاسان وەکو هەموو بەرنامەکانی ڤایرۆس.

6-بەربەست (منع کردن) لە بڵاوبونەوە یان ڕازی نەبوون(رفز کردن) بە ئیش کردن:

کاتێك ئەچینە ناو فۆڵدەرێك ڤایرۆسی تیابوو یان ڤایرۆسەکە ئەیەوێت بڵاوبێتەوە یان خۆی جێگیربکات لەناویدا ئەوا ئەم کردارە هەڵئەستێت بە وەستاندنی بەڵام نایسرێتەوە (ئەم جۆرەیان لەناو ئەو سایتانەدا بەکاردێت کە ئەچینە ناوی ڕێژەیەکی زۆر جۆرەکانی ڤایرۆسی تیایە).

7- فەرامۆش کردن یان ئیهمالکردن (Ignore):

هەڵئەستێت بە فەرامۆشکردنی ئەو فایلە کەهیچ نییە یان ڤایرۆس نیە.

لەبەشی خوارەوەی پەنجەرەکە نوسراوە (Note Action Selected For This File ( Dangerous

ئەگەر هێمای ڕاست لەناو خانەکەدا دابنێی ئەوا هەر یەکێك لەو بەشانەی سەرەوە هەڵبژێریت جارێکی تر ئەگەر هەر شتێك هەبێ پەنجەرەکە دروست نابێت هەمان ئیش ئەکات کە پێشتر هەڵتبژاردووە، بەڵام ئاگاداربە کە بەهەڵە ئەو کردارە بەکارنەهێنیت ئەگەر سەرنج بدەیت لەکۆتایی نوسینەکەدا نوسراوە Dangerous بە مانای ترسناکە واتا بزانە چی هەڵدەبژێریت و چی دەکەیت بۆیە پێتان دەڵێم بەووریایی بەکاری بهێنن ئەگەر نەتزانی هێمای ڕاست دامەنێ .

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Antivirus ) هەیە.



# مەبەست لە Bad Sector چییە؟ و چۆن چارەسەر دەکرێت؟

زکریا علی محمود – مامۆستای پەیمانگەی کۆمپیوتەری هەولێر
zakaria4it@yahoo.com

ئەو زانیارانەی کەلەناو هارد دیسك ادا خەزن دەبێت بەشێوەی بازنەیی لەسەر هارد سەیڤ دەبێت پێی دەگوترێت تراك (Track) وە هەر تراکێکیش پێك هاتوە لە هەشت سێکتەر (Sector) کە زانیاری بەشێوەی 0 و 1 خەزن دەبێت، جا زۆرجار ئەم سێکتەرانە تووشی تێك چوون دەبن و داتای لەسەر سەیڤ ناکرێت بەکرداری تێك چوونی سێکتەرەکان دەوترێت Bad Sector، بە زۆربوونی سێکتەری تێك چوو لەسەر هاردەکەمان ئەگەری تێك چوونی هاردەکەو زانیارەکانی سەری دەبێت، بۆ دڵنیا بوون لە بوونی سێکتەری تێك چوو لەسەر هاردەکەمان باس لە پرۆگرامێکی زۆر بەسوود دەکەین بۆ دیتنەوەی سێکتەری تێك چوو لەسەر هاردیسکەکەمان و چاککردنەوەیان ئەویش پرۆگرامی HDD Regenerator 1.71.


لە تایبەتمەندیەکانی ئەم پرۆگرامە ئەمانەن:

1-توانای دۆزینەوەی سێکتەری تێکچووی هەیە و پاشان چاکیان دەکاتەوە.

2-توانای هەیە ئیش بکات لەگەڵ کرداری Boot بەیارمەتی CD لە پرۆگرامی DOS.

3-لەگەڵ هەموو جۆرە فایلاتەکانی سیستەم کاردەکات وەکو NTFS و FAT32 وFAT.

سەرەتا دەبێت پرۆگرامەکە دابەزێنینە سەر کۆمپیوتەرەکەمان پاش کردنەوەی پرۆگرامەکە وەکو لە وێنەی خوارەوە دەبینین لەسێ بەش پێك هاتووە.





1-بە کلیك کردن لەسەر ژمارە (1) هەڵدەستی بە چاککردنەوەی هارد دیسك لە رێگای ویندۆز.

2- بە کلیك کردن لەسەر ژمارە (2) هەڵدەستی بە چاککردنەوەی هارد دیسك لە رێگای فلاش میمۆری.

3- بە کلیك کردن لەسەر ژمارە (2) هەڵدەستی بە چاککردنەوەی هارد دیسك لە رێگای سیدی لەکرداری بووت کردنی کۆمپیوتەر.

ئێمە هەڵدەستین بە کلیك کردن لەسەر بەشی ژمارە (1).





لەخوارەوە کلیك لەسەر بەشە هاردەکە دەکەین کە دەمانەوێت کردارەکەی بۆ ئەنجام بدەین پاشان کلیك لەسەر Start Process دەکەین .


تێبینی:- پێویستە هەرچ پرۆگرامێك کرابێتەوە دایبخەین لەکاتی ئەنجام دانی ئەم کارە.

پاشان وەکو وێنەکەی ئەو بەر دەبێت ژمارە (1) بنووسین تاوەکو هاردەکەمان بپشکنێ و چاکی بکاتەوە.


www.c4kurd.com





دوای ئینتەر دەکەین ویندۆزەکی تردێت دەبێ بنووسین Mb و enter دەکەین دەست دەکات بە سکان کردنی هاردیسکەکەمان وێنەی خوارەوە:




ئینجا وێنەی خوارەوە دێت کە کرداری Scan مکەمان پیشان دەدات.




لەوێنەی خـوارەوەدا ڕوون دەکاتـەوە کە ئەم هاردە تووشی هیچ Bad Sector ێك نەبووە و کرداری Scan کردنەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات.




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( HDD ) هەیە.

# شیکردنەوەی نامەکانی مۆبایل لە لیکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا

❐ یەکێك لەبوارەکانی توێژینەوە بەناوی شیکردنەوەی دانەری شەرعی (forensic authorship analysis) تایبەتە بە دیراسەکردنی شێوازی نووسینی کەسان و شیکردنەوەی ستایڵ و شێوەکانی نووسین بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی تاوان. هەر لەم بوارەش سوود وەرگیراوە لە شیکردنەوەی نامە چاپکراو و ئەلیکترۆنیەکان و هەروەها نامە تێکستییەکانی مۆبایل.

لەبەر ئـەوەی نامـە تێکستییەکان بەشێکی گـەورەن لـە پەیوەندیی کـردن بەشـێوەی نووسـین لەڕێگەی مۆبایلـەوە، بۆیە بـواری شـیکردنەوەی دانـەری شەرعی بەکارهێنراوە بۆ شـیکردنەوەی جۆر و شـێوازی نامە تێکستییەکانی سەدان خەڵك, ئەمەش بۆ یارمەتیدانی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەکانی تاوانکارییدا.

لە یەکێك لە تاوانکارییەکانی کوشتن لە ساڵی 2002 ئەنجامەکانی شیکردنەوەی نامە تێکستییەکان، کەسێکی تۆمەتبارکرد و دوای لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسیش کەسەکە درایە دادگا بە تاوانی ڕفاندن و کوشتنی قوربانییەکە. ئەوەبووئەنجامی شیکردنەوەی لایەنی زمانیی (لەلایەن پزیشکی دادوەرییەوە) کە بۆ ئەو نامانەی لە ڕێگەی مۆبایلی قوربانییەکەوە نێردرابوون لەدوای ونبوونییەوە، هەندێك جیاوازییان لە دەربڕینی وشەکان پیشان دەدا، واتە شێوازی نووسینی وشەکانی ناو نامەکان پێش و دوای ونبوونی قوربانییەکە جیاوازییان هەبوو.

داواکاریی گشتی ئـەوەی پیشاندا کە ئەو نامانەی دواتر لە مۆبایلی قوربانییەکە نـێردراون، هـاوشـێوازی نووسین ودەربـڕینی کـەسـە تـاوانـبـارەکە بـوون دوای ئـەوەی کە قوربانییەکەی ڕفاندبوو بە بەکارهێنانی مۆبایلەکەی ئەو. هۆکاری گرنگیدان بە شیکردنەوەی نامە تێکستییەکانی مۆبایل لە شوێنی تاوانەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نامەکان هێندە بەرەوپێشچوون تا ئەو ئاستەی کە وای لێهاتووە شێواز و ستایڵە کەسییەکان بە تـەواوی بناسرێنەوە و بەدیاربکەون، بۆیە کاتێك تاوانبار نامە لە ڕێگەی مۆبایلی کەسە قوربانییەکە دەنێرێت بە مەبەستی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی تاوانەکەی کەچی لەدواییدا بەپێچەوانە دەبێتەوە بۆی.

لەکۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت کە بەهۆی ڕاهاتنی کەسەکان لەسەر شێوازی نامەکانی یەکتر، دەتوان هەر بە بینینی نامەکە لەسەر شاشەی مۆبایلەوە و بەر لە بینینی ناوەکەی، کەسی نێرەری نامەکە بناسن، هەر ئەمەش یەکێکە لە شوێنکاری بواری شیکردنەوەی دانەری شەرعی.




# (ئەلیکترۆنیکس ئارتس) دابەشکردنی یاری (کۆمیدیای یەزدانی) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەدەغەدەکات

❐ (ئەلیکترۆنیکس ئارتس) دابەشکردنی یاری (کۆمیدیای یەزدانی) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەدەغەدەکات

کۆمپانیای (ئەلیکترۆنیکس ئارتس)ی تایبەتمەند بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان، دابەشکردنی یاری (دانتیز ئینفیرنۆ-Dante's Inferno) لە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەدەغەدەکات. بیرۆکەی ئەم یارییە لە داستانی (کۆمیدیای یەزدانی)ی نووسەری ناوداری ئیتاڵی (دانتی) وەرگیراوە، تەوەری چیرۆکی یارییەکە باس لە بەرەنگاربوونەوەی ئەهریمەنەکان دەکات لەکاتی تێپەڕبوون بەسەر نۆ بازنەکەی دۆزەخدا، کە ئەمەش لە داستانەکەی (دانتی) بەناوی (کۆمیدیای یەزدانی) وەرگیراوە. ئەمەو دوای بڵاوکردنەوەی یارییەکە لە بازاڕەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا، کۆمپانیای بەرهەمهێنی یارییەکە بڕیاریدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یارییەکە دابەش نەکات، ئەمەش لەبەر نەگونجان و دژیەکبوونی لەگەڵ بەها ئایینی و کلتوورییەکانی گەلانی ناوچەکەدا. ئەم یارییە بۆ پلەیستەیشنی3 و PSP و ئێکسبۆکس 360 هەیە.

# داونڵۆدی یاری Tetris بۆ سەر مۆبایل دەگاتە 100 ملیۆن

❐ یاری Tetris ئەندازیارێکی کۆمپیوتەری ڕووسی (ئەلیکسی باجیتنوف) لە ساڵی ١٩٨٤ دروستی کردووە، مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩ یادی لەدایکبوونی٢٥ساڵەی بۆ کرا، بەڵام ئێستا دەستکەوتێکی نوێی بەدەستهێناوەوڕێژەیدابەزاندنی یارییەکە بۆ ئامێرەکانی مۆبایل لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە گەیشتۆتە ١٠٠ ملیۆن دابەزاندن.




تەواو لە پارچە چوارگۆشەکان بەبێ هەبوونی بۆشایی لەنێوانیاندا. ساڵی ١٩٨٩ یەکەم ڤێرژنی بۆ ئامێرەکانی Nintendo لێ دەرچووە.

زیاتر لە ٣٥ ملیۆن پارچەی لە ئامێرەکانی Game Boy لێ فرشراوە و ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن EA Mobile ەوە چەند ڤێرژنێکی بۆ ئامێرەکانی iPhone و iPod touch لێ دەرچووە.

دەتوانیت بەخۆڕایی لە ئینتەرنیتەوە ئەم یارییە ئەنجام بدەیت لە سایتی http://www.freetetris.org

یاری Tetris بریتییە لە ڕێکخستنی ئەو چوارگۆشانەی لەسەرەوە دێنەخوارەوە بە مەبەستی دانانی هێڵێکی ستوونی

# 10 ملیۆن وێبسایت بە یەکجار دەوەستێت

بەهۆی کێشەیەك کە لە سایتی Wordpress زیاتر لە 10 ملیۆن بلۆگەری تایبەت بەو کۆمپانیایە دەوەستێت و کارناکەن. ئەم کێشەش تەنها 110 خولەکی پێ دەچێت. ئەم کێشەیەش لە ماوەی چوار ساڵە یەکەمجارە ڕوو دەدات. ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە ئەم کارە نەبوە هۆی لەدەستدانی هیچ داتایەکی سایتەکان.
جێگای باسە سایتی ناوبراو زیاتر لە 10 ملیۆن یوزەری هەیە کە بلۆگ (سایتی تایبەتی)یان تێدا کردوەتەوە یاخۆد سایتی بە پارەیان هەیە.



# مۆبایلێك بەتایبەتمەندی نمایشكردنی وێنەكان لەسەر پانتایی دیوارو پەردە

❐ لەگەڵ ئەو شۆڕشی پێشكەوتنە بەردەوام و دیارانەی تەكنەلۆژیای بەرهەمهێنانی مۆبایلی گرتۆتەوە، بەم دواییانە دەزگای بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتاڵی كۆریایی (Keti) ئامێرێكی مۆبایلی بەرهەمهێناوە, كە بە Eye glass ناسراوە، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم مۆبایلە دەتوانێت وێنەكان لەسەر پانتایی دیوارو پەردە و هەر شتێك نیشان بدات. واتە دەتوانین بڵێین بەهۆی پرۆژێكتۆرێكی پێشكەوتوو كە لە مۆبایلەكەدا هەیە ئەو ئەركە جێبەجێ دەبێت. جگە لەوەش جیاوازی ئەو پرۆژێكتۆرە لەگەڵ پرۆژێكتۆری تر ئەوەیە كە وێنەكان سێ رەهەندی نیشاندەدات. هەروەها شایانی ئاماژە پێدانە جگە لەو تایبەتمەندیانە مۆبایلەكە ئامێری ریمۆت كۆنترۆڵیشی لەگەڵدایە.

# كامێرایەكی بەهێز بۆ مۆبایلی ئایفۆن




❐ وەك هەموو بەكارهێنەرانی مۆبایلی ئایفۆن دەزانن یەك لە تایبەتمەندییە خراپەكانی مۆبایلە ئایفۆن نەبوونی كامێرایەكی بەهێزە لەناو مۆبایلەكەدا، چونكە كامێرای مۆبایلی ئایفۆن تەنها ٢میگاپێكسڵە، هەر بۆیە ئەم لاوازییە پسپۆڕانی بواری ئایتی هاندا كە بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بكەن بۆ ئەم گرفتە ئەویش بە بەهەرم هێنانی كامێرایەكی بەهێزی ئێكستێرناڵ بۆ مۆبایلی ئایفۆن. هەرچەندە كامێرای مۆبایلی ئایفۆن زۆرلە بەشی سەرەوەیە، بەڵام لەم ماوەیەدا توانرا پایە و لێنزێكی تایبەت بەم مۆبایلە بەرهەم بێت و كامێراكە زۆر بە سانایی لە مۆبایلی ئایفۆنەكە دەبەسرێت، ئەمەش وادەكات كە توانای كامێرای مۆبایلی ئایفۆن وەك كامێرایەكی پێشكەوتوو لێدەكات.





# ویندۆز ٧ كێشە بۆ هەزاران كۆمپیوتەر دروست دەكات

❐ كێشەكانی ویندۆز هەرگیز كۆتایی نایەت، هەمیشەش دەبێتە هۆی بێزاری و ماندوو بونی بەكارهێنەری. كۆمپانیای دروستكەری ویندۆز، مایكرۆسۆفت رایگەیاند كە زۆرێك لەو كۆمپیوتەرانەی ویندۆز 7 یان لەسەرە توشی وەستانی یەكجاری بون لەكاتی چونە ژوورەوە.

هۆكاری ئەم كێشەیەش كۆمپانیای ناوبراو وای بۆ دەچێت كە ئەو ئەپدەیتە تازە بێت كە دانراوە بۆ ئەو ویندۆزەو ئەم كێشەیەی دروست كردوە. هەرچەندە دوایی رایانگەیاند كە وا نیە.

ئەم كێشەیە بە شاشەی رەش بۆ مردن ناسراوە و بێ ئەوەی دەستكاری هیچ بكەیت دوای داگیرسانی كۆمپیوتەرەكەت تۆشت دەبێت.


لەگەڵ ئەوەی بە رای زۆرێك لە شارەزایانی كۆمپیوتەر ویندۆز حەوت باشترین سیستمە بەڵام هەتا ئێستا دوو نیە لە كێشە.



# زنجیرەی فێربوونی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ ٢٠٠٧


مامۆستا کاروان ڕەشید محمد Karwan.Computer@yahoo.com
- زنجیرەی چوارەم -

❒ لـەم زنجیرەیەدا بـاس لە چەند کردارێکی گرنگ دەکەین لەناو بەرنامەکەدا. بەشێك لە بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ بەشی (Page Set Up)ە کە تایبەتە بەدەسکاری کردنی ئەو پەڕانەی کاریان تیادا دەکەین، بۆ کردنەوەی ئەو بەشە دەچینە سەر لیستی Page Layout پاشان کلیك لەسەر Print Titles دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە لە چوار بەش پێکهاتووە وەك وێنەی (1)




بەشی یەکەم بریتیە لە (Page) : کە دەتوانین گۆڕانکاری لە پەڕەکاندا بکەین، لە بەشی Orientation دا دوو بەشمان هەیە، Portrait بۆ دانانی پەڕەکانە لە باری شاوڵی ( بەرزی)، وە Landscape بۆ دانانی پەڕەکانە لە باری ستونی ( پانی). وە لە بەشی (Scaling) دا چەند فرمانێکمان هەیە لەوانە (Adjust to) بۆ دەرکەوتنی پەڕەکانە بەو قەبارەی کە ئەمانەوێت،لە 100 % حاڵەتێکی ئاسایی و باشە.( واتە گەورەکردن و بچوك کردنەوەی پەڕەکەمان) ، وە لە بەشی(Fit to ) بەکاردێت بۆ دابەشکردنی زانیاریەکانمان بەسەر پەڕەیەك یان چەن پەڕەیەکدا، وە (Paper Size ) بەکاردێت بۆ دیاریکردنی جۆری پەڕەکەمان، جۆری پەڕەمان زۆرە بەس ئەو پەڕانەی زیاتر کاری لەسەر دەکەین بریتیە لە (A4)، وە (Print Quality) تایبەتە بەجۆری چاپکردن لەڕوی ئاستی چاپکردنەکەوە. پاش دیاریکردنی هەربەشێك لەوانی سەرەوە کلیك لەسەر OK دەکەین کارەکەمان بۆ جێ بەجێ دەکات.


بەشی دووەم بریتیە لە (Margins): ئەم بەشە تایبەتە بە دیاریکردنی پەراوێزی پەڕەکەمان( واتە دیاریکردنی چوارچێوەی پەڕەکەمان)، کە لە چەند بەشێك پێکهاتووە وەك Top تایبەتە بە بەشی سەرەوەی پەڕەکەمان، Bottom تایبەتە بە بەشی خوارەوە پەڕەکەمان، Right تایبەتە بە بەشی لای ڕاستی پەڕەکەمان، Left تایبەتە بە بەشی لای چەپی پەڕەکەمان،بە دانانی پەراوێزێکی باش پەڕەکەمان جوانتر دەردەکەوێت، دەتوانین هەریەکەیان بکەین بە (1) وەك وێنەی (2).





دەتوانین قیاسی هەریەکەیان دیاری بکەین بە ویستی خۆمان، دوای دیاریکردنی بەشەکان کلیك لەسەر OK دەکەین بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکەمان، لە هەمان بەشدا بەشی Header هەیە کە تایبەتە بە بەشی سەرەوەی پەڕەکەمان کە هەر بابەتێکی تیادا بنوسرێت لەپەڕەکانی تریشدا دووبارە دبێتەوە، واتە لەم بەشەدا دەتوانین مەسافەکەی دیاریی بکەین کە چەندە بێت، و Footer تایبەتە بە بەشی خوارەوەی پەڕەکەو هەربابەتێکی تیادا بنوسرێتەوە دووبارە دەبێتەوە.دەتوانین لە ڕێگەی Print Preview ئەو کارانە ببینین کە ئەنجاممان داوە.

بەشی سێیەم بریتیە لە (Header / Footer): ئەم بەشە لە Custom Header و Custom Footer پێکهاتووە،


هەرزانیاریەك لەم بەشەدا بنوسین لە هەموو پەڕەکانی تردا دووبارە دەبێتەوە،ئەمە کارە تەنها لە کاتی چاپکردندا دەردەکەوێت. وەك وێنەی (3)




لە Custom Header دا کاتێك کلیك لەسەر دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە پەڕەکەمان بۆ دابەش دەکات بۆ سێ بەش ( لای ڕاست، لای چەپ، ناوەڕاست) ی پەڕەکە، دەتوانین لە هەر بەشێکدا وێنە و نوسین و هەربابەتێکی مەبەستمان بێت دای بنێین، وە دەتوانین جۆری نوسینەکانیشمان بگۆڕین، پاش ئەوە کلیك لەسەر OK دەکەین وەك وێنەی (4)





لە Custom Footer دا کاتێك کلیك لەسەر دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە پەڕەکەمان بۆ دابەش دەکات بۆ سێ بەش ( لای ڕاست، لای چەپ، ناوەڕاست) ی پەڕەکە، دەتوانین




لە هەر بەشێکدا وێنە و نوسین و هەربابەتێکی مەبەستمان بێت دای بنێین، وە دەتوانین جۆری نوسینەکانیشمان بگۆڕین، پاش ئەوە کلیك لەسەر OK دەکەین وەك وێنەی (5) لەوە بەردا روون کراوەتەوە.

بەشی چوارەم بریتیە لە (Sheet): لەم بەشەدا دەتوانین کۆمەڵێك کرداری گرنگ ئەنجام بدەین، وەك وێنەی (6)




لەوانە( Print area ) بۆ دیاریکردنی بەشێکی دیاریکراو بۆ چاپکردن، (Gridlines) ئەگەر ئەم بەشە ئەکتیڤ بێت واتە دیاری کراوبێت ئەوا هەموو هێڵی خانەکانمان بۆ دەکات بە هێڵی خەیاڵی.

ئەگەر ئەکتیڤ نەبوو هێڵەکان دەکاتەوە بە هێڵی خەیاڵی. (Black and White) پەڕەکەمان بۆ دەکات بە ڕەش و سپی. (Draft quality) پەڕەکەمان بۆ دەکات بە پەڕەی مسۆدە. (Row and column heading) بەکاردێت بۆ هێشتنەوەی ناونیشانی ڕیز و ستونەکان لە کاتی چاپکردندا.(Comments) بەکاردێت بۆ دانانی تێبنی. (Down، then over- Over، then down) بەکاردێت بۆ دیاریکردنی جۆری پەڕەکەمان.





# ئامێری دژە خەوتن




وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: سەروەر دلشاد گەنجو
sarwar.dilshad@gmail.com


❒ ئێمەی مرۆڤ کارێکمان هەبێت بۆ پەیداکردنی بژێوی رۆژانەمان جا هەرکارێك بێت مرۆڤ پێیوەی ماندوو دەبێت جا ئەگەر بێت و چەند رۆژێك شەو نخوونی کردبێت بەهۆی کارەکەیەوە بۆ نموونە کاری پاسەوانی یان ماندوبوونی شەوان لەسەر کۆمپیوتەر ئەمانە هەمووی کاردەکاتە سەر مێشکی ئەو کەسە وای لێدەکات کە لەسەر کارەکەی خەو دای بگرێت، کێشەکە ئەوە نیە، کێشە گەورەو ترسناکەکە ئەوەیە کە کاتێك ئەو کەسە کاتی کارکردنەکەی تەواو ئەبێت بەرەوماڵەوە دەڕوات کە خەواڵوە و ئۆتۆمبێل لێدەخورێت، لەوانەیە تووشی مەترسی زۆر ترسناك بێت لە کاتی لێخوریندا.




بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیایەکی چینی لەگەڵ چەند ئەندازیارێکی لێهاتوو بریاریاندا کە ئەم جۆرە مەترسیە کەم بکەنەوە لە سەر ژیانی هاوڵاتیان ئەمیش بە دروست کردنی ئامێرێکی بچووکی زۆر هەستیار بە ناوی Anti Sleep Alarm Drivers، Security Guards واتا ئامێری دژە خەوتن.

ئەم ئامێرە زۆر بە جوانی لەسەر گوێچکەی مرۆڤ دادەنیشێت، پێك دێت لە (سویچی on/off، ئامێرێکی هەستەوەری زۆر بەهێز، 3 پاتری بچووکی کاتژمێر، لەگەڵ بڵند گۆییکی بچووك (سماعە).

کاری ئەم ئامێرەش لەگەڵ هەر باوشکێکی مرۆڤ بە هۆی ئامێرە هەستەوەرەکە، ئامێری دژە خەوتن یەکسەر دەست دەکات بە لێدانی ئەلارم و مۆسیقا، بێگومان ئەو




کەسانەی کە باوێشکیان دێت واتا خەویان دێت جا بە هۆی ئەم ئەلارمە دەست بەجێ شوفێر ئاگاداری دەبێتەوە و ووریا دەبێتەوە.




ئەوەی جێگای باشیە ئەم ئامێرە لەگەڵ هەر باوشکێك دەست دەکات بە ئەلارم واتا ئەم ئامێرە تەنها بۆ یەك باوێشك بەکارنایەت بەڵکو مرۆڤەکە بە بەردەوامی ئاگادار دەکاتەوە تا دەگاتە شوێنی مەبەست.

بێومان ئەم ئامێرە بۆ شۆفێرەکانی رێگای دەرەوە زۆر بە سەدە بە تایبەت شۆفێری لۆری کە بە هێواشی دەرۆن.

www.c4kurd.com




# گۆڕینی ناوی ژمارەیەك فایل و فۆڵدەر بە یەکجار

ئامادەکردنی : ئاراس عبدالله سعید


❑ هەندێکجار وا پێویست دەکات کە چەند فایلێك یان چەند فۆڵدەرێك ناو بنێین لەیەك کاتدا کە ژماریەکی زۆریش بێت. بۆیە وا بەباش دەزانم باسی ئەوە بکەم چۆن ژماریەك لە فایل یان فۆڵدەری زۆر لە یەك کاتدا ناوبنێین بەشێوەیەکی ئاسان و خێرا بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ دەکەین:

1.سەلێکتی هەموو ئەو فایلانە یان فۆڵدەرانە دەکەین کە مەبەستمانە ناویان بنێی.

2.دوگمەی (F2) دادەگرین لەسەر کیبۆر، یان کلیکی راستی ماوس دەکەین، لیستێك دەکرێتەوە پاشان کلیکی (Rename) دەکەین .





3.دەبینین لەلایەن کۆمپیوتەرەکەوە یەکێك لە فایلەکان دیاری دەکات کە ناوی بنێین، ناوێك دەنووسین و کەوانەیەك دەکەینەوە لە ناو کەوانەکەدا دەنووسین ژمارە (سفر), کەوانەکە دادەخەینەوە, بۆ نمونە من لێرەدا نووسیومە




. Kurd(0)

4.لە کۆتایدا دوگمەی (Enter) دادەگرین, دەبینین کە ویندۆز هەڵدەستێت بە ناونانی هەموو فایلەکان و لە ژمارە (سفر) وە دەست پێدەکات تا دوا فایل .




## کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و گوگل و یاهو و نوێکردنەوەی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکەیان

❑ هەرسێ کۆمپانیا گەورەکەی جیهان لەبواری ئایتی ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتیان بەست بوو بەم دواییە ئەم ڕێککەوتنەیان نوێکردەوەو کەواتە بواری جێبوجێکردنەوە بە ئامانجی ڕووبەڕوو بونەوەی ڕێگاگرتن لە دەست بەسەر داگرتنی ناوەوەی فەرمی وولاتان بۆ دامرکاندنی ئازادی رادەڕبرین لەسەر ئینتەرنێت ئەم ڕێکەوتنە بەدەست پێشخەری تۆرە نێودەوڵەتیەکان ناسرا چونکە کۆمەڵێك ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەم کۆمپانیایانە و کۆمپانیاکانی بواری ئایتی کرا بۆ نمونە وڵاتێکی وەك چین یارمەتی حکومەت دەدات کە چاودێری ئینتەرنێت بکات ئامانجێکی تر لەم ڕێکەوتنە بۆ ئەوەیە کە چیتر زانیاری تایبەت بەدەربڕینی بیرو بۆچونی خەڵکی بە ئاسانی نەکەوێتە دەست سیاسەت مەداران و دەسەڵات داران لەڕێکەوتنەکە تأکید لە گرنگی تایبەتمەندی رادەربڕین و بیروڕای جیاواز وەك مافێکی مرۆڤ و لەم ڕێکەوتنەدا هاتووە کە هەرسێ کۆمپانیاکە پێداگیری خۆیان دەربڕیوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر داخوازیەکی حکومەتەکان لە بەر تەسککردنەوەی ئازادی رادەڕبرین و پێشێلکاریەکانی بە کارهێنەرانی ئینتەرنێت.

ئامادەکردنی شێروان خدر محمد sherwan_zh@yahoo.com

www.c4kurd.com



# یەکەی چارەسەری ناوەندی

## CPU(Centeral Processing Unit)

ئەندازیار بەختیار احمد

❐ چارەسەرکەر(CPU) دەماغی کۆمپیوتەرە، هەندێك کات بەسادەیی ئاماژە ئەوا بە چارەسەرکەرێکی ناوەندی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیاتر پێی دەوترێت چارەسەرکەر(Processor)، و یەکێکە لە پێکهاتەکانی کۆمپیوتەری ژمارەیی (Digital Computer) کە هەڵدەستێ بە وەرگێڕان (تەفسیر کردن) ی زانیاریەکان و چارەسەرکردنی داتاکان کە کارە پڕۆگرامسازییەکانیش ئەگرێتە خۆی، چارەسەرکەر(CPU) زۆربەی کارە ژمێریاریەکانی تیادا ڕوودەدات، لەلایەنی بەکارهێنانی هێزی کۆمپیوتەری یەوە چارەسەرکەر بە پێکهاتەیەکی زۆرترین گرنگی سیستمی کۆمپیوتەر دادەنرێت.

چارەسەرکەر لەگەڵ زاکیرەی سەرەکی و یەکەی داخڵکردن(input unit) و یەکەی دەرکەر(output unit) لەگرنگترین پێکهاتەکانی کۆمپیوتەری دەقیقی (microcomputer) تازەیە.

دروستکردنی چارەسەرکەر تەواو دەبێت بەهۆی سوڕە تەواوەکان (integrated circuit) ی چارەسەرکەرە دەقیقەکان(microprocessor)،لەسەر کۆمپیوتەری کەسی چارەسەرکەر لە سندوقێکی تەنکی ئاسندا دانراوە کە پێی دەوترێت چارەسەرکەری دەقیق(Microprocessor). لە حەفتاکاندا Microprocessor بەشێوەیەك پێشکەوت کە هەموو خستنەگەڕەکانی Microprocessor ی دەگرتەخۆی.

چارەسەرکەر(CPU) پێکهاتەیەکی ناوەکی کۆمپیوتەرە. چارەسەرکەرە تازەکان بچوك و چوارگۆشەن و لە ڕوی ژێرەوەیان دەرزی سەرخڕی کانزایی گەیەنەر هەیە. هەر




لوحەی دایك(Motherboard)ێك پشتگیری تەنها جۆرێکی دیاریکراوی چارەسەرکەر(CPU) دەکات لەبەر ئەوە پێویستە بە تایبەتمەندی بەرهەم هێنراوی جۆری Motherboard دا بچینەوە پێش هەوڵدان بۆ گۆڕین یان پێشخستنی چارەسەرکەر(CPU) یەك. چارەسەرکەرە تازەکان نوقم کەرێکی پەیوەست بوونی کارەبا و پانکەیەکی بچوکی بەسەرەوەیە بۆ هاوکاریکردن لە دابەشکردنی گەرمی دا.

دوو پێکهاتەی نمونەیی CPU مان هەیە کە ئەمانەن:

1.Arithmetic and Logic Unit(ALU) (یەکەی ژمێرەیی و لۆژیکی): ئەم یەکەیە بەرپرسە لە ئەنجامدانی کردارە ژمێرەیی و لۆجیکی یەکان.

2.CU(Control Unit) (یەکەی کۆنترۆڵ کردن): فەرمانەکان لە زاکیرە دەردەهێنێ و وەریان ئەگێڕێ و تشفیریان ئەکات، و لەکاتی پێویستدا ئاگاداری ALU ئەکات.

# لە 2020 پاشماوەکانی کۆمپیوتەر 500% زیادەکات



❐ لە لێکۆڵینەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە لە دە ساڵی داهاتوو پاشماوەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر گەورە لە جیهانی پێشکەوتوودا زیادەکات، ساڵی 2020 تەنها لە وڵاتی هیندا پاشماوەکانی کۆمپیوتەر بە بەرامبەر ساڵی 2007 بەڕێژەی 500% بەرزدەبێتەوە. پاشماوە ئەلیکترۆنییەکانی تری وەکو تەلەفۆن و پرینتەر و تەلەفزیۆن و ساردکەرەوە و ئامێرەکانی تر بە بڕی 40 ملیۆن تەن ساڵانە لە جیهاندا زیادەکات. ئەم پاشماوانەش گازی ژەهراوییان لێ پەیدا دەبێت بەهۆی ئەوەی کە کرێکارانی خۆڵ و خاشاك بەشێوەیەکی نادروست و ناگونجاو دەیسووتێنن بۆ گەڕان بەدوای کانزای بەنرخی وەکو زێڕ و مس. هەر لە ڕاپۆرتێکی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە هاتووە کە ساڵی 2020 پاشماوە ئەلیکترۆنییەکانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر لە وڵاتی چین و لە ئەفریقیادا بە ڕێژەی 400% لە ئاستەکانی 2007 زیاتر دەکات.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە تاقیگە سویسرییەکان بۆ تاقیکردنەوەی شمەك و توێژینەوە (ئیمبا) و کۆمەڵەی (یومیکور) و زانکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشدارییان تێدا کردووە، وڵاتە یەکگرتووەکان مەزنترین بەرهەمێنەری پاشماوە ئەلیکترۆنییەکانە کە ساڵانە 3 ملیۆن تەن بەرهەم دەهێنێت، هەروەها (ئیمبا) دەڵێت: وڵاتی چین بە پلەی دووەم دێت کە پاشماوەکانی لەناوەخۆدا نزیکەی 2.3 ملیۆن تەنە و ئەو شوێنەشە کە زۆرێك لە پاشماوەکانی جیهانی پێشکەوتووی بۆ دەنێردرێت.




# شیکردنەوەی وانە بە بەرنامەی Camtasia Studio

زیرەک نوردین ـ قوتابی پەیمانگەی تەکنیکی بەشی ڕاگەیاندن


❒ بەرنامەی Camtasia Studio بەهێزترین بەرنامەیە لە جیهان لە بواری شیکردنەوەی وانە بۆ فێرخوازان تایبەتمەندی ئەو بەرنامە لەم چەند خاڵە ڕوون دەکەمەوە

1- دەتوانی بە هۆی مایک بە دەنگ و ڕەنگ وانەکە شی بکەیەوە.

2- بەگشت پاشگرێک (فۆرماتێک) وانەکە سەیڤ بکەیت لەوانەش سەیڤ کردنی بە فۆرماتی پاوەرپۆینت و وێنەی جولاو و پاشگرە ڤیدیۆیەکان .

3- خوێندنەوەی فۆنتی کوردی گرنگترین تایبەتمەندی ئەو بەرنامەیەیە، هەروەها چەندین ڕەمزو کەوانەو تیر (سهم) .


سـەرەتـا بـەرنـامـەکـە دەکـەیـنـەوە و ئـەوەش ڕووکەشی بەرنامەکەیە سەیری وێنەی 1 بکە




دوای کردنەوەی ویندۆی سەرەکی بەرنامە دەست دەکەین بە پرۆژەکەمان کلیکی (Record the screen) دەکەین کە بوونەکی بچووکە لەلای چەپی بەرنامەکە یە ویندۆیەکی بچووک مان دەداتێ کلیک بوتونە سوورەکە بکە کەلەسەری نوسراوە rec سەیری وێنەی 2 بکە





خۆکاری ئەو ویندۆیە نامێنێت تۆش بە ئارەزووی خۆت وانەکە شی بکەوە کلیک لەسەر هەرشتێک بکەی کردارەکان سەیڤ دەکات وەک کامیرایەکی ی ڤیدیۆی وایە کاتێ تەواو بووین لە شیکردنەوەی وانەکە لە خوارەوە لە شریتی taskbar کلیک ئـایـکـۆنـەکـە دەکـــــەیـــن، پەیامەکەمان بۆ دێت مەبەست لەو پەیامە ئەوە کە ئایە ئێمە دڵنیان کە وانەکەمان کۆتایی هاتووە ئەگەر دڵنیابووین ئەوە کلیک Stop بکە سەیری وێنەی 3 بکە




یاخود ڕاستەوخۆ دەتوانیت دەست بنێیت بە دوگمەی F10 بۆ وەستانی کارەکە.

دوای ئـەو پەیامە ویندۆی کۆتایی مـان بۆ دەبێتەوە کە نمایشی شیکردنەوەی وانەکەمان نیشان دەدات وە لاتەنیشتی ڕاستی بوتونەک هەیە بە ناوی سەیڤ کارەکە بە فۆرماتی AVI سەیڤ بکە. سەیری وێنەی 4 بکە




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Camtasia ) هەیە.

www.c4kurd.com

# بەرنامەسازی بەزمانی جاڤا




هێمن مەلا کەریم بەرزنجی . پسپۆڕی ITg SE (چاپتەری یەکەم – بەشی یەکەم) hemnymela@yahoo.com

**پێشەکی:**

بێگومان هەرکاتێک کۆمپیوتەر بەکاردەهێنین، بەرنامە جیاوازەکان بۆ جێبەجێکردنی کارە جیاوازەکان بەکاردەهێنین و، بەهۆیانەوە فرمان و کارە پێویستەکان جێبەجێدەکەین.بۆ نمونە بەرنامەی جێبەجێکاری ئیمەیل E-Mail Application بەکاردەهێنین بۆ ناردن Send و وەرگرتن Receive ی نامە و پەیامەکانمان messages. بگەڕی وێبیش Web browser بۆ پیشاندانی لاپەڕەکانی وێب و کردنەوەی ماڵپەڕەکان Web sites بەکاردەهێنین.

بەرنامە سازەکانی کۆمپیوتەر و ئەندازیارانی بەرنامە سازی (Software Engineering) ئەم بەرنامانە دروست دەکەن بەهۆی زمانەکانی بەرنامە سازییەوە و پێشکەش بە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەری دەکەن.

زمانی بەرنامە سازی جاڤاش Java programming language یەکێکە لە زمانە ئاست بەرز و باڵاکانی بواری بەرنامە High level language سازی و دەتوانین بەهۆیەوە بەرنامە دروست بکەین و کاری بەرنامەسازی و نەخشەسازی بەرنامەکان ئەنجام بدەین بۆ هەموو بوارە جیاوازەکانی وەکو:

1-بەرنامەسازی ئاراستەکردنی تەن OOP (Object Oriented Programming

2-ڕووکاری وێنەیی بۆ بەکارهێنەر (GUI(Graphical User Interface.

3-گرافیک Graphics.

4-ڕیزبەندی کردن و گەڕان Sorting and Searching .

5- پێکهاتەکانی داتا Data Structure.

6-ئەپلێت (بەرنامەی بچوک) Applet (Small Program)

7- بەرنامەسازی تۆڕەکان Networking Programming .

8- بەکارهێنانی داتابەیس و دروستکردنی داتابەیس.

9- بەرنامەسازی وێب Web Programming.

10-بەرنامەسازی مۆبایل.

11- بەرنامەسازی ئامێرە پزیشکی و پیشەسازییەکان.


12-چەندان بواری تر.

بەپێی پێویست و بە بوونی کاتی تەواو هەوڵدەدەین باسی هەریەکێك لە بوارەکانی بەرنامەسازی بکەین بەهۆی زمانی جاڤاوە و هەوڵیش دەدەین بەزۆری گرنگی بە بەشی GUI بدەین. چونکە لە جیهاندا جێگەی بایەخە و گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت.

بەرنامە پێویستەکانی کە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە بچوک و نمونەکانی بەرنامەسازی بەکاری دەهێنین هەریەکێك لە جەی دی کەی jdk-6u1 و بەرنامەی Text Pad کە سەرەتا بە دابەزاندنی ئەم دوو بەرنامەیە دەست پێدەکەین :

دابەزاندنی JDK 6:

1-فولدەری جاڤا پرۆگرام Java program بکەرەوە وپاشان دووانە کلیك Double click لەسەر jdk-6u1




بکە و سێت ئەپی بکەو بە شێوەیەکی ئاسان دەکرێت و پێویست بە شیکردنەوە ناکات.

دوای ئەوەی بەرنامەی یەکەممان دابەزاند. پێویستە دەست بکەین بە دابەزاندنی بەرنامەی دووەم کە تێکست پادە:


دابەزاندنی Text Pad:

1-فولدەری جاڤا پرۆگرام Java program بکەرەوە وپاشان دووانە کلیك Double click لەسەر Text Pad بکە:





2-پاش کەمێك چاوەڕوانی کلیك لەسەر Next بکە.

3-ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە و،کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم I accept...بکە و پاشان کلیك




لەسەر Next بکە:

4- ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە و،لە خانەی ناوی بەکارهێنەر User Name دا ناوێك بنووسە و،لەخانەی ڕێکخراویش Organization دا ناوێکی





www.c4kurd.com

تر بنووسە و ئەگەر دەتەوێت ئەم بەرنامەیە بۆ هەموو بەکارهێنەرەکان بێت ئەوا کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم (all users) بکە و ئەگەر دەتەوێت تەنها بۆ بەکارهێنەرێکیش بێت،کە ئەو بەرکارهێنەرە خۆتی ئەوا کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم Only for me بکە:

5- کلیك لەسەر Next بکە.

6-کلیك لەسەر Install بکە.

7-پاش کەمێك چاوەڕوانی ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت و کلیك لەسەر Finish بکە:





## یەکەم بەرنامە لە جاڤادا چاپکردنی دێرێك نووسین

ئێستا بەرنامەی Text Pad بکەرەوە،ئەم بەرنامەیە بنووسە کە بەهۆیەوە دێرێك نووسینمان بۆ چاپ دەکات و،دەبێتە یەکەمین بەرنامە و،سەرەتای بەرنامە سازی بەزمانی جاڤا و،پاشان بەرنامەکە شیدەکەینەوە،لە پێکهاتەکانی دەدوێین:

// Text - Printing Program
public class welcom1
{
// main method begins excution of java application
public static void main (String args [ ])
{
System.out.println(«Wlcome to Java Programing»);
} // End - Method main
} // End - class Welcome

بڕوانە بەرنامەکە لە ناو بەرنامەی Text Pad :

دوای ئەوەی بەرنامەکەت




```
//Text - Printing Program
public class welcom1
{
    //main method begins excution of java application
public static void main (String args [])
{
System.out.println("Wlcome to Java Programing");
}//End - Method main
}//End - class Welcome
```

نووسی بەناوی پۆلەکەوە (Class) وبەپاشگری java. سەیڤی بکە واتە ئەو ناوەی دەکەوێتە دووای وشەی Class وپاشگری جاڤا،بەم شێوەیە: Welcom1.java.

دوای ئەوەی بەرنامەکەت سەیڤکرد پەنجە بنێ بەهەردوو دوگمەی Cntrl+1 ادا یان کلیك لەسەر Tool>Compile java بکە بۆ ئەوەی بەرنامەکەت وەربگێردرێت لەلایەن وەرگێڕەوە Compiler و پاشان پەنجە بنێ بە دووگمەی Cntrl+2 ادا یان Tool>Run application java کە بەهۆیەوە بەرنامەکەی نووسیومانە جێبەجێدەبێت بڕوانە وێنەکە:

### توێکاری یەکەم بەرنامە




ئێستا ئەو بەرنامەیەی نووسیومانە دابەش دەکەین بۆ چەند دێرێك و یەك یەك باسیان دەکەین و وەك ناساندن و سەرەتایەك دەیان ناسێنین بەڵام باسکردنی تەواو هەڵدەگرین بۆ چاپتەرەکانی تر. چونکە هەندێك دێریان پێویستی بە چاپتەرێکی سەربەخۆ هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەتەوای روونی بکەینەوە بیخەینە بەرچاو.

// Text - Printing Program

دێری یەکەم بە // دەستپێدەکات کە مانای ئەوەیە ئەو دێرە نووسینەی بەدوایدا دێت سەرنج و تیبینییە وئەندازیارانیبەرنامەسازی Comment بۆ مەبەستی روونکردنەوە بەرچاوروونی بەکاری دەهێنن و یارمەتیدەریش دەبێت بۆ کەسانی تر بۆ ئەوەی بیخوێننەوە و لە بەرنامەی ئەندازیارەکە تێبگەن.وەرگێڕی جاڤا Java Compiler سەرنج و تێبینی Comment فەرامۆش دەکات واتە ئەم سەرنج و تێبینیانە نابنە هۆی هیچ کردارێك لەکاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا Run بەڵکو تەنها وەك روونکردنەوەیەك دەبن و هیچی تر.

بەشێوەیەکی باو Convention هەموو بەرنامەکان بەسەرنج و تێبینی Co-ment دەستپێدەکەن و ئەو روونکردنەوانە بە // دەست پێدەکەن پێیان دەوترێت سەرنج و تێبینی یەك(یەك) دێری End-of line(Or Single-line)Comment

بەڵام جۆرێکی تری سەرنج و تێبینیمان هەیە کە دەتوانین چەندین دێری تیادا بنووسین و بەم جۆرەش دەوترێت: روونکردنەوە(سەرنج و تێبینی) چەند دێری Traditional Comment یان Multiple – line Comment کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسرێت:

/* this is a
Multiple – Line Comment*/

### هەڵە باوەکانی بەرنامە سازی

Common Programming Error

ڕێسا و ڕێزمانی بەرنامەسازی Syntax of Programming

گرنگترین بەشی بەرنامەسازییە و هەڵەکردن تێیدا بە هەڵەی ڕێزمانی Syntax Error ناو دەبرێت و بەشێوەیەکی گشتی پێی دەوترێت هەڵەی وەرگێڕ Compiler Error یان Compile time error یان Compilation Error بۆیە وای پێدەوترێت چونکە وەرگێڕ Compiler لە کاتی هەنگاوەکانی وەرگێڕانی بەرنامەکەدا Compilation Phase دەیدۆزێتەوە ناتوانین بەرنامەکە جێبەجێکەین Execute هەتاوەکو هەموو هەڵە ڕێسایی و ڕێزمانییەکانی بەرنامەسازی ڕاست نەکەینەوە.

سەرنج: لەبەشەکانی داهاتوودا ڕێساکان و ڕێزمانی بەرنامەسازی لە زمانی جاڤادا روون دەکەینەوە.

www.c4kurd.com

## بەرنامەسازیی باش
Good Programming Practice

باشترین بەرنامەسازی ئەوەیە کە ئەندازیاری بەرنامەسازی بەرنامەکانی بە سەرنج و تێبینی Comment دەستپێبکات و لەم سەرنج و تێبینییەدا مەبەستی نووسینی بەرنامەکەی شیبکاتەوە ناوی بەرنامەساز و کات و بەرواری دواین نوێکردنەوەو دەستکاری کردنی تیادا بنووسێت. هاوکات واباشترە کە چەند دێرێك و بۆشای Space دابنێت. بۆ ئەوەی بەئاسانی کۆدەکە لە یەکتر جیابکرێتەوە.

### دووهەم دێری بەرنامەکەمان:
public class welcom1

ئەم دێرە بە وشەی public دەست پێدەکات، کە یەکێکە لە وشەکانی دەستبەسەراگرتنی گەیاندن و تێپەڕبوونی پۆل Access Control و بەدووای ادا وشەی پۆل Class Keyword دێت و پاشان ناوی پۆلەکە Class Name دێت و ناوی پۆل دەبێت بەیەکێك لەم ناسەروانە ئەم مەرجانەی تیادا بێت:

1-دەبێت بە پیت Letter دەستپێبکات وەکو Welcome1.

2-یان بە _ دەست پێبکات وەکو _welcome1

3-یان بە $ دەستپێبکات وەکو $welcome1

نابێت بە ژمارە Digit دەستپێبکات و ناشبێت بۆشایی Space ی تیابێت.

لەبەرئەوەی زمانی بەرنامەسازی جاڤا وردەکارە و حساب بۆ پیتی گەورەو بچوك دەکات واتە Case Sensitive بۆیە پێویستە ئاگاداری پیتەکانبین لە ڕووی گەورەیی Capital و بچوکی Small بۆ نموونە a1 و A1 لە زمانی جاڤادا جیاوازن بەڵام هەردووکیان ناسەرەوەیەکی وەرگیراون (قبوولن) و کاریان پێدەکرێت.

بەشێوەیەکی باو هەمیشە ناوی پۆل Class Name بە پیتی گەورە Capital Letter دەنووسرێت بەڵام ئەگەر بە پیتی بچوکیش Small Letter بنووسرێت هەڵەنابێت بەڵام واباشترە بە پیتی گەورە بنووسرێت.

### هەڵە باوەکانی بەرنامە سازی
Common Programming Error

هەڵەیەکی باو ئەوەیە کە بەرنامەکەمان بەناوی پۆلەکەوە Class Name و پاشگری جاڤا .java سەیڤ نەکەین. چونکە وەرگێڕ Compiler تەنها ئەو فایلانە وەردەگێڕێت Compiles کە تەنها بەپاشگری .java کۆتای هاتووە.

### سێهەم دێری بەرنامەکەمان:
{

ئەم دێرەش کەوانەی سەرەتایی لاشەی پۆلە Body of class و هەموو پۆلێك Class بە کەوانە دەستپێدەکات و بەکەوانەش کۆتای دێت وەکو لە دێری نۆهەم و کۆتایی بەرنامەکەدا دەبینرێت.



بەرنامەسازیی باش ئەوەیە کە لەگەڵ نووسینی کەوانەی چەپی کردنەوەی پۆل { یەکسەر و بە دوایدا کەوانەی ڕاستی داخستنی پۆل } بنووسێت و پاشان لە نێوان هەردوو کەوانەکەدا مێسۆدی سەرەکی یان ئەو کۆدەی هەیەتی بینووسێت. ئەم کارەش بۆ ئەوەیە کەمترین هەڵە ڕووبدات و بەرنامەساز کەوانەی بیرنەچێت. چونکە کاتێك بەرنامەکە جێبەجێدەکات ئەگەر کەوانەی بیربچێت وەرگێڕ پێی دەڵێت هەڵە هەیە لە ڕێساو ڕێزمانی بەرنامەکەدا و لەوانەیە بەرنامەساز بە ئاسانی نەیدۆزێتەوە هەڵەکەی بیرچوونی کەوانەیە. بەتایبەت لەسەرەتای کاری بەرنامە سازی دا.

### چوارەم دێری بەرنامەکەمان:
بریتیە لە کۆمێنتێك کە پێمان دەڵێت کە بەرنامە سەرەکیەکەمان دەست پێ دەکات.

### چوارەم دێری بەرنامەکەمان:
public static void main (String args [])

ئەم دێرە مێسۆدی سەرەکی بەرنامەکەیە و لە چاپترێکی سەربەخۆدا باسی مێسۆد و چۆنیەتی دروستکردن و پێکهاتەیی و بەکارهێنانی دەکەین.

{

ئەم دێرەش کەوانەی سەرەتایی لاشەی ڕێگەیە Body of Method و هەموو ڕێگەیەك Method بە کەوانە دەستپێدەکات و،بەکەوانەش کۆتای دێت،وەکو لە دێری شەش و هەشتی بەرنامەکەدا دەبینرێت.

System.out.println(«Wlcome to Java Programing»);

بەهۆی ئەم دێرەوە کە لەناو لاشەی مێسۆدی سەرەکی Body of Method دا نووسراوە،ئەو دێرنووسینەمان بۆ چاپ دەکات کە لە نێوان ( ) نووسراوەو بە دووانە " دەستپێدەکات و بە دووانە " کۆتای هاتووە،بەڵام " چاپناکات.

} // End - Method main

کەوانەی کۆتایی لاشەی مێسۆدی سەرەکییە و سەرنج و تێبینییەکی یەك دێری بە دووای دا هاتووە،کە پێمان دەڵێت : کەوانەکە کۆتایی ڕێگەی سەرەکییە.

} // End - class Welcome

کەوانەی کۆتایی پۆلی وێڵکەمە و سەرنج و تێبینییەکی یەك دێری بە دووای دا هاتووە،کە پێمان دەڵێت : کەوانەکە کۆتای پۆلی وێڵ کەمە.

تێبینی: پرۆگرامەکان لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Java program ) هەیە.

www.c4kurd.com

# سایتی tanzil تایبەت بە قورئانی پیرۆز و خزمەتێکی زۆر

❑ ئەگەرچی سایتی (تنزیل) ڕووکارێکی سادەی هەیە و تەنها لە چەند بەشێکی بچووك پێکهاتووە، بەڵام خزمەتێکی زۆر بە بەکارهێنەر دەگەیەنێت. ئەم سایتە تایبەتە بە قورئانی پیرۆز و هەروەك ئادرێسی سایتەکەش لە ئایەتێکی قورئان وەرگیراوە. سایتی tanzil تێکست و دەنگ و وەرگێڕان و تەفسیری قورئانی پیرۆز بە چەندین زمانی زیندووی جیهانیی لەخۆی دەگرێت، ئەمە سەرەڕای توانای داونلۆدکردنی ئایەت و سورەتەکان زۆر بەئاسانی. بەشە سەرەکی و گرنگەکانی ئەم سایتە کە دەکەونە لای چەپی سایتەکەوە ئەمانەن:

*بەشی Search بۆ گەڕان بەدوای وشەیەك ئەمیش پێکهاتووە لە دوو بەشی لاوەکی: Quran بۆ گەڕانی ڕاستەوخۆ و Rooyts بۆ گەڕان بەپێی پیتەکان.

*بەشی Browse بۆ دیاریکردنی ئەو جزم یان سوورەت یان ئەو ئایەتەی بەکارهێنەر دەیەوێت گوێی لێ بگرێت.

*بەشی Recitation ئەمەش بریتییە لە شوێنی دەست نیشانکردنی قورئانخوێنەکان، کە ناوەکانیان بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە و هەژدە قورئانخوێن لە قورئانخوێنە هەرە بەناوبانگەکانی جیهانی ئیسلامی لەخۆی دەگرێت و لەوانیش هی چواریان بە دوو شێواز خوێندنی تێدایە.

*بەشی Translation کە بەشێکی زۆر گرنگە و حەفتا و چوار جۆر تەفسیری قورئانی پیرۆز بە چەندین زمانی زیندووی جیهانیی تێدایە، خاسیەتێکی گرنگی تری ئەم بەشە ئەوەیە کە بەکارهێنەر دەتوانێت بە ئەکتیڤ کردنی خانەی Translate on Mouse Over وابکات لەگەڵ دانانی ماوس لەسەر هەر ئایەتێك یەکسەر تەفسیری ئایەتەکە پیشان بدرێت لەو تەفسیرەی کە بەکارهێنەر دەست نیشانی کردووە.

*بەشی Quran بۆ دەست نیشانکردنی جۆری نمایشی تێکستی قورئانی پیرۆز کە شەش جۆر لەخۆی دەگرێت.

*بەشی Display Options ئەمەش بۆ گۆڕینی جۆر و قەبارەی فۆنتی تێکستی قورئانی پیرۆز بەپێی پێویست.

*لەکۆتاییدا بەکارهێنەر دەتوانێت ئەگەر ویستی بە تەنها دەقی تەفسیری سوورەتەکان ببینێت، یاخود بە تەنها دەقی ئایەتەکان ببینێت، ئەمەش بە کلیك کردن لە بەشەکانی Quran یان Translation لەلای ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا.

ناونیشانی سایت: http://tanzil.info

# دانانی ئاگادارکردنەوە لەسەرەتای داگیرسانی ویندۆز



م. ڕەسول بایز*
rosee_land@yahoo.com

❑ کاتێك ئێمە لە شوێنێکی گشتی کاری کۆمپیوتەر دەکەین یا لەهۆڵێکی کۆمپیوتەر زۆر جار پێویستیمان بەوە دەبێت کە کۆمپیوتەرەکەمان دوای داگیرسان (داخل بوون بە ویندۆز) نوسراوێك دەربکەوێت ئەمیش وەك ئامۆژگاری بۆ کەسی بەکارهێنەری تر یاخود بۆخۆمان وەك بە بیرهێنانەوەی بابەتێك کە لەوانەیە لەکاتی کارکردن بە کۆمپیوتەر پێویست بێت بۆمان بەردەوام ڕەچاوی بکەین.

هەروەها دەتوانی تەنها بە (کۆپی) و( پێیستێك) هەریەك لە فایلی وێنە و فایلی دەنگ و وێنەی جوڵاوە (ڤیدیۆ) ش دابنێیت بە پێی ئارەزووی خۆت، بەڵام وا باشترە ئەمە تەنها لە شوێنی تایبەت بەکاربهێنرێت نەك لە شوێنی گشتی.

کارەکەش پێویستی بە هیچ بەرنامەیەك نیەو ڕاستەوخۆ لە ویندۆزەوە دەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر ویستت نوسینێك بێت لەدوای داخل بوونی ویندۆز. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت نوسینەکەت بە هەر شێوەیەك بێت بیکەیتە وێنە جا چ بە بەرنامەی Pain بێت یان بە فۆتۆشۆپ. دوای ئەوەی فایلەکە کۆپی بکە و پاشان کلیك لە (start) بکە و ئینجا ماوسەکە ببە سەر (All programs) و پاشان کلیك ڕاست لەسەر (Startup) بکە و (open)ی بکە دەبینی ستارت ئەپ دەکرێتەوەو ئینجا پێویستە لەوێدا فایلەکە (paste)بکەیت.

دوای ئەنجامدانی کارەکە کۆمپیوتەرەکەت ریستارت بکەوەو دەبینی کارەکەت بەسەرکەوتویی بەئەنجام گەیاندووە. ئەگەر بکرێتە هەوڵ بدە فایلە وێنەییەکە قەبارەی زۆر نەبێت تاکو لەکاتی هەڵگیرسانی ویندۆزەکەت بە قوری نەکرێتەوە. هەرکاتێکیش ویستت ئەم کارە کۆتایی پێ بهێنیت ئەوا بچۆرەوە سەر Startup و ئەو فایلەی کە دات ناوە دلیتی بکە.

تێبینی: لە هەردوو ویندۆزی (Xp و Vista) هەمان کردارە و بێ کێشە دەتوانیت بەکاری ببەیت.

* مامۆستای دواناوەندی (چرۆ )ی نموونەیی- کۆیە

www.c4kurd.com




# جووڵاندنی تیشکی (ماوس) بە هۆی (کیبۆرد)ەوە

م.بەختیار سلیمان عبدالعزیز – ئامادەیی هەولێری زانستی
bakhtyar81@hotmail.com

❒ زۆر جار ماوسەکەمان لە پڕێکدا دەوەستێت وئێمە دەمانەوێت تیشکی ماوسەکە بەکار ببەین. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین لە ڕێگەی بەکارهێنانەکانی بەشی (MouseKeys)ەوە، بە هۆی کیبۆردەوە تیشکی ماوس بجووڵێنین بە هەموو ئاڕاستەکانیەوە، بەم شێوەیەی لە خوارەوە باسی دەکەین:

سەرەتا بۆ هێنانی بەشی (MouseKeys) هەر سێ کلیلی(دوگمە)ی
Alt + Shift(Left) + Num Lock لەسەر کیبۆردەکە دادەگرین، واتە هەرسێ دوگمەی ئاڵت و شیفتی لای چەپی کیبۆرد و نەمبەر لۆك بەیەکەوە دادەگرین بۆ ئەوەی بەشی (MouseKeys) بێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:




کلیك لەسەر (OK) دەکەین بۆ (چالاك ، فعال ، Active) کردنی چوارگۆشەی گفتوگۆکردنی (MouseKeys). کە لە لای ڕاستی شریتی (Taskbar) شێوەکەی وەك ماوسێك بەدیاردەکەوێت.

تێبینی: دەتوانین هەمان کردار ئەنجام بدەین بەهۆی داگرتنی چەندجار پەنجە دانان بەخێرایی لەسەر دوگمەی (Shift) دا تا رووکارەکەت بۆ بە دیار دەکەوێت.

ئینجا هەڵدەستین بە جێبەجێکردنی کردارەکە وەك:

•بۆ جولاّندنی ئاڕاستەی(ماوس)ەکە، بۆ سەرەوە پەنجە دابنێ لەسەر کلیلی ژمارە( 8 )هەشت لە ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکە.

•بۆ جولاّندنی ئاڕاستەی(ماوس)ەکە، بۆ خوارەوە پەنجە دابنێ لەسەر کلیلی ژمارە( 2 )دوو لە ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکە.

•بۆ جولاّندنی ئاڕاستەی(ماوس)ەکە, بۆ لای ڕاست پەنجە دابنێ لەسەر کلیلی ژمارە( 6 )شەش لە ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکە.

•بۆ جولاّندنی ئاڕاستەی(ماوس)ەکە بۆ لای چەپ پەنجە دابنێ لەسەر کلیلی ژمارە( 4 )چوار لە ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکە.

•بۆ جولاّندنی ئاڕاستەی(ماوس)ەکە بەئاڕاستەی نێوان بەشی سەرەوەو بەشی لای چەپ، پەنجە دابنی لەسەر ژمارە ( 7 ) حەوت لە ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکە.

•بۆ جولاّندنی ئاڕاستەی(ماوس)ەکە بەئاڕاستەی نێوان بەشی سەرەوەو بەشی لای ڕاست، پەنجە دابنێ لەسەر ژمارە( 9 )نۆ لە ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکە.

•بۆ جووڵاندنی ئاڕاستەی(ماوس)ەکە بەئاڕاستەی نێوان بەشی خوارەوەو بەشی لای چەپ، پەنجە دابنێ لەسەر ژمارە( 1 ) یەك لە ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکە.

•بۆ جولاّندنی ئاڕاستەی(ماوس)ە، کە بەئاڕاستەی نێوان بەشی خوارەوەو بەشی لای ڕاست، پەنجە دابنێ لەسەر ژمارە( 3 )سێ لە ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکە.

تێبینی: کاتێك تیشکی (ماوس)ەکەمان گواستەوە بەهۆی پەنجەدانان لەسەر ژمارەکانی لای ڕاستی کیبۆردەکەو گەیشتینە شوێنی مەبەست, بۆ نموونە: بۆ سەر ناوی ئایکۆنێك، یان ناوی(ویندۆ)یەك، یان ناوی بەرنامەیەك لە بەرنامەکان ئەوا دوگمەی (Enter) دادەگرین بۆ کردنەوەیان و کاری خۆمانی لەسەر دەکەین.

بۆ لابردنەوە و نەهێشتنی ئەم حالەتە, یان بڵێین لادانەوەی دوای بەکارخستنی (MouseKeys) هەمان سێ کلیلەکە واتە:

(Alt + Shift(Left) + Num Luck) بە کاردێنینەوە بەڵام دوجاری لەدوای یەك.

www.c4kurd.com




# خێراکردنی ئینتەرنێتەکەت لە ویندۆزەوە


دەڤەر محمد عبدالله
davardavar@ymail.com

❐ بۆ ئـەوەی ئینتەرنێتەکەمان خێرا بکەین زۆر ڕێگە هەیە و بەرنامەی جیاواز هەیە بەڵام هەر بە هۆی ویندۆزەوە دەتوانین ئەم کارە بکەین بەهۆی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکەین:

بچۆ لەوێ Run بنوسە Gpedit.msc وەک ئەم وێنەیەی خوارەوە:





دوای ئەوە پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە لەویش کلیک لەسەر + ی پاڵ Administrative Templates بکە وەکو ئەم وێنەیەدا ڕوون بوەتەوە:





دواتر لیستێک بۆدەکرێتەوە کلیک لەسەر نیشانەی + بکە لەپاڵ Network و وەک ئەم وێنەیەی ئـەو بەر ڕوون کراوەتەوە:

دواتر کلیک لەسەر QoS Packet Scheduler بکە ئەم ڕوکارەت بۆ دەردەچێت:




ئێمە کارمان بە بەشی لای ڕاست هەیە لەوێ set timer resolution هەڵبژێرە دەبڵ کلیکی لێ بکەوە ئەم ڕوکارەی ترت بۆ دەکرێتەوە:




کلیکی Enable بکەوە پاشان ڕێژەکەی بکە بە 100 پاشان کلیک ئۆکەی بکە و کۆمپیوتەرەکەت ریستارت بکەرەوە.


بەم شێوەیە دوای ئەوە هەست دەکەین کە کۆمپیوتەرەکە بە شێوەیەکی خێراتر پەیوەندی بە ئینتەرنێتەوە دەکات.

# ناوی خۆت بە کوردی بنووسە لە هۆتمەیل و هەر ئیمەیڵێکی تردا


سەنعان بارزانی
sanan_khalil@yahoo.ca

❒ زۆرجار ڕەنگە حەز بکەیت کاتێك ئیمەیڵ بۆ یەکێك دەنێریت ناوەکەت بە کوردی دەربچێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە ئیمەیڵی هۆتمەیڵ باس دەکەین کە دەتوانیت بە ئاسانی ناوەکەت بگۆڕیتە کوردی هەمان کاریش بۆ ئیمەیڵەکانی تر بە ئەنجام بگەیەنیت.

سەرەتا ئیمەیڵەکەت لە هۆتمەیڵ بکەرەوە دوای ئەوە بچۆرە سەر options کە لە وێنەکەدا دیارە:




ئەنجا ڕوکارێکت بۆ دەکرێتەوە:




لێرەدا کلیك لەسەر Personal profile بکەوە ئەم ڕوکارەی ترت بۆ دەرکەوێت:





لەو وێنەیەی سەرەوەدا شوێنی ناوەکەمانی تێدا کە دەتوانین بیکەینە کوردی و ناوەکەمان بە عەرەبی یان کوردی بنووسە. بەڵام وریا بین کە نابێ ماوە لە نێوان ووشەکان یا پیتەکان دا هەبێت .

دواتر دەچینە سەرview ئەنجا لەوێشەوە encoding هەڵبژێرە ئەنجا ( windows ) Arabic هەڵبژێرە




دەبینین کە ویندۆزەکەمان دەداتێ کە بەم شێوەیە نووسینەکانی لێکردووە ئەنجا enter بکە.

لاپەڕەیەکی ترمان بەو جۆرە پێدەدات ئینجا نیشانەی ڕاست لە بەردەم هەر سێ هەڵبژاردەنییەن دادەنێین و ئەنجا جارێکی کە تر کلیك لەسەر update بکە.




لەکۆتاییدا دەبینین ناوەکەمانی گۆڕیوە بۆ کوردی یان عەرەبی.

www.c4kurd.com




# مەترسی کەمتەرخەمی کردن لە ئاستی Windows Firewall ؟

ئەندازیار کەمال فاتح - زانکۆی کۆیە
cs.eng.it@gmail.com

❒ جاری وا هەیە کە دەتەوێت بەرنامەیەك دابەزێنێ بەرنامەی دیواری ئاگرین Firewall (Windows) هەست بەمەترسی ئەو بەرنامەیە دەکات بۆسەر ئاسایشی کۆمپیوتەرەکەت بۆیە یەکسەر ئاگادارت دەکاتەوە بەوەی ئایا بەرنامەکە ڕابوەستێنێ و نەیەڵێ کاربکات یان تۆ هەر دەتەوێ ئەو بەرنامەیەکاربکات بێ گوێدانە زیانەکانی و لەم کاتەدا بەرنامەی دیواری ئاگرینی پارێزەری کۆمپیوتەرەکەت هەرکێشەو مەترسی یەك ئەخاتە ئەستۆی خۆت.

کاتێ کە هەڵاوێردن (exception) ێك دروست دەکەیت یان بەندەر (port) ێك دەکەیتەوە لە دیواری ئاگریندا، ئەوا تۆ مۆڵەتی چەند بەرنامەیەکی جیاواز دەدەیت کەوا زانیاری بنێرن بۆناو کۆمپیوتەرەکەت و هەروەها زانیاری لەکۆمپیوتەرەکەت وەرگرن لەڕێی دیواری ئاگرینەوەوە ڕێگەدانی پرۆگرام بۆناوکۆمپیوتەرەکەو کاتێ دیواری ئاگرین





(فایەرۆڵ) ئاگادارەو بەم ڕێگەدانە هەندێ جار پێی دەوترێت ڕێگەنەگرتن(Unblocking) وە ئەم کردارە وەکو کردنەوەی دەرگایەکی بچوکی دیواری ئاگرینە بەڕوی ڤایرۆس و کرم و ترۆجان و هاکەرو بەرنامە بروا پێنەکراوەکانەوە.

هەرکاتێك کەتۆ (exception) ێك دروست دەکەیت یان (port) ێك دەکەیتەوە بێ گوێدانەدیواری ئاگرین، کۆمپیوتەرەکەت بڕێکی کەم دڵنیای لەدەست دەدات بەو واتایەی کەوا ئاسایشی(Security) کۆمپیوتەرەکەت دادەبەزێ. بەکردنەوەی زیاتری ( exception ) و Port ەکان دیواری ئاگرینی کۆمپیوتەرەکەت زیاتر ئامادەیە بۆ کەوتنە بەر هێرشی هاکەریان سۆفتوێرە کیناوی یەکان(malicious) و بۆ بەکارهێنانی ئەو دەرگا بچکۆلەیەی کەباسمانکرد چۆن دروست دەبێت و وە بەکارهێنانی دەرگا بچکۆلەکە بۆ بڵاوکردنەوەی کرم بۆسەر فایلەکانت یان بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکەی تۆ بۆ بلاو کردنەوەی سۆفتوێرە کیناوی یەکان بۆ کۆمپیوتەری کەسانی تر.

بەشێوەیەکی گشتی دروست کردنی پرۆگرامی (exception) دڵنیاترە تا کردنەوەی (Port)، ئەگەر (Port) ێك بکەیتەوە دەمێنێتەوە بەکراوەیی تاوەکو دایدەخەی جائەوپۆرتە بەکاربهێنی یان بەکارنەهێنی. بەڵام ئەگەر (exception) دروست بکەیت دەرگاکە کراوەدەبێت تەنها لەکاتی بەکارهێنانی( exception ) ەکە.


بۆکەم کردنەوەی مەترسی سەر ئاسایشی کۆمپیوتەرەکەت:




- تەنها ( exception) ێك یان( Port ) ێك دروست بکە کاتێ کەبەڕاستی ئیش و کارت پێیانبێ و( exception) ەکە لابەو( Port ) ەکە دابخە ئەگەر کارت پێیان نەما.
- هەرگیز (exception) ێك دروست مەکە یان( Port) ێك مەکەرەوە بۆ بەرنامەیەك کە دڵنیانیت لێی.

exception : فەرمانێکە کەوا بە دیواری ئاگری دەڵێت پۆرتێك بەشێوەیەکی کاتی بکاتەوە کەرێگەبەپرۆگرام یان هەرخزمەتگوزاری یەك دەدات کە مامەڵە لەگەڵ

کۆمپیوتەرەکەتدابکات و پاشتر پۆرتەکەدابخاتەوە بەم فرمانانە




دەوترێت (Exceptions) لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی دیـواری ئاگرین ڕێگەدەگرێت لەهەر خزمەتگوزاری یەکی داواناکراو (Unsolicited Services or Attempts ) بۆ ئەوەی زانیاری ڕۆبکاتە ناوکۆمپیوتەرەکەتەوە.

Port : بەشێکی هاردوێری یان سۆفتوێریە کەلەسەربنچینەی پەیوەندی نیوان دووپارچەی ئەلیکترۆنی بنیاتنراوە بەکاردێ بۆگواستنەوەی داتاو زانیاری لەنێوان کۆمپیوتەرو هەرئامێرێکی تر.پۆرتە هاردوێری یەکان بەشێوەیەکی بەرجەستە بەدیارن و لەبەشی دەرەوەی کۆمپیوتەرەکەدا بەدەردەکەون،بەڵام پۆرتە سۆفتوێرییەکان چەند (Gateway ) مکن لەناوبەرنامەکاندا کەوا بەرنامە سۆفتوێری یەکان بەکاریان دێنن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری .

# شاردنەوەی ئایکۆنی (Recycle Bin) لە ویندۆز ئیکس پی دا


ئاهەنگ سباح خدر - سێیەمی زانستی کۆمپیوتەر

❒ ئەگەر ویستمان ئایکۆنی ریساکڵ بین بشارینەوە لەسەر دیسکتۆپ بەجۆرێك کە هیچ کەسێ نەتوانێ دەستکاری (Properties) ی یاخود ئەو فایلانەی کە تێدا رەش کراوەتە بکات ئەوا دەبێت هەڵسین بەشاردنەوەی ئەم ئایکۆنە، کارەکەش بە شێوەیەکی سادەو ئاسان دەتوانین ئەنجامی بدەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. لەناو (Run) دەنووسین (Regedit).
2. بە گوێرەی ئەمەی خوارەوە کلیك لەسەر فوڵدەرەکان دەکەین

Hkey_Current_User\Software\Microsoft\Windows\Currentversion\Polices

تا دەگەین فوڵدەری (Policies) پاشان کلیك لەسەر ئەوەیش دەکەین لە بن ئەو فوڵدەرە دەبێت فۆڵدەرێك هەبێت بەناوەی (NonEnum) ئەگەر نەبوو دورستی دەکەین بەم





شێوەیە:

• کلیکی لای راست لەسەر (Policies) و پاشان (New) ئینجا (Key) دەکەین.
• نـاوی کلیلە دروسـت بووەکە دەنێین (NonEnum).

لەلای دەستە چەپی کلیلەکە، کلیکی لای راست دەکەین پاشان (Key) ێك لەجۆری (Dword) دروست دەکەین ناووەی کلیلەکە بەم کۆدەی خوارەوە دەنێین

{645FF040-5081-101B-9F08-00AA002F954E}

ئاگاداربە لە ناونانەکە هـەردوو { } دادەنێین پاشان نرخەکەی (1) دادەنێین بۆ شاردنەوەی، ئەگەر ویستمان دەربکەوێتەوە ئەوا نرخی دەگۆڕین بۆ (0).





کۆمپیوتەرەکەت لوگ ئۆف بکە، پاشان سەیری دیسکتۆپ بکە بزانە ناوبراو چی بەسەر هاتووە!.

# بەرنامەیەک بۆ نووسینی بابەتە بیرکاریەکان



ئـاکار جەمال
akar_jamal_1993@yahoo.com

❑ زۆر جار وا پێویستی کردووە کە هێمای بیرکاری لە نوسینەکانماندا دابنێین و بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لە بواری بیرکاریدا وانە دەڵێنەوە کە بەرنامەکانی office توانای دانانی هێمای زانستی بیرکاری پێشکەوتوی نیە بۆیە باسی بەرنامەیەکی گرنگ دەکەم کە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات، پاش دابەزاندنی بەرنامەکە کە بە شێوەیەکی ئاسانە و پێویست بە ڕوون کردنەوە ناکات، کە ئەمە ڕووکاری بەرنامەکەیە:




لەبەشی سەرەوە زۆربەی هێما بیرکاریەکان دانراوە کە بە پێی بوارەکان جیاکراونەتەوەو یاسا بیرکاریەکان ڕوونکراونەتەوە.


لە شوێنی سپییەکەش شوێنی نوسینی هاوکێشە بیرکاریەکان.

**شێوازی نوسین:**

نووسین لە بەرنامەکەدا پاشان کۆپی کردنی بۆ ناو بەرنامەکانی یان بە کلیک کردن لە لیستی MathType کە پاش دابەزاندنی بەرنامەکە, لە(مینوبار)ەکە زیاد دەبێت وەک لە وێنەکەدا دیارە:




دەبینین کە چەندین بەشی جیاجیای تێدایە کە لێرەدا تەنها باسی Insert Inline Equation دەکەین. بۆ ئەو مەبەستەش کلیک دەکەین لەسەر Insert Inline Equation دەبیین بەرنامەکە دەکرێتەوە، ئەوەی دەمانەوێت دەینوسین پاشان بەرنامەکە دادەخەین و ویندۆیەک دەکرێتەوە کلیک لە Yes دەکەین دەبینین ئەو ڕستە بیرکاریانەی کە نووسیومانە دەچێتە ناو بەرنامەکانی office ـەوە.






تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( math ) هەیە.

# خزمەتگوزارییەکی نوێی مۆبایلی iPhone بەناوی (نامەی تایگەر- TigerText)

❑ ئەم خزمەتگوزارییەی مۆبایلی ئایفۆن لە 25ی مانگی شوباتی ئەمساڵەوە کاردەکات و ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات کاتێکی دیاریکراو بۆ تەمەنی ئەو نامانە دەست نیشان بکات کە دەیان نێرێت بەشێوەیەك کە لەدوای خوێندنەوەی نامەکە، نامەکە ونببێت و بسڕێتەوە، ئەمەش بۆ سەیڤ نەبوونی نامەکە و ئاشکرانەبوونی لەلایەن کەسێکی ترەوە. لایەنی پێشخەری خزمەتگوزارییەکە دەڵێت: کە نامە نێردراوەکە لە ئامێری مۆبایلی هەردوو کەسی نامەنێرەر و کەسی نامە بۆ نێرراو نامێنێت، هەروەک مەحاڵە بۆ لایەنی سێیەم بنێردرێت، بۆ زیاتر دڵنیابوونیش نامەکە لە یادەوەری کۆمپانیای کارپێکەری مۆبایلەکەش نامێنێت. لەڕاستیدا خزمەتگوزارییەکە لەسەر بیرۆکەیەکی ئاسان بنیاتنراوە، ئەویش ئەوەیە کە نامەکە لە کەسێکەوە نانێردرێت بۆ کەسێکی تر، بەڵکو هەر لەسەر سێرڤەرە تایبەتەکانی لایەنی پێشخەری خزمەتگوزارییەکە TigerText دەپارێزرێت و نامەوەرگریش بۆ خوێندنەوەی نامەکە دەچێتە ناو شوێنی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکە لەناو سێرڤەرەکەدا، کە تێیدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو نامەکە دەسڕدرێتەوە.


ناوی ئەم خزمەتگوزارییەی ئایفۆن لە بەسەرهاتەکەی پاڵەوانی ئەمریکی یاری گۆلف (تایگەر وودز) وەرگیراوە، کە خێزانەکەی لە ڕێگەی نامەکانی ناو ئامێری مۆبایلەکەیەوە پەیوەندییە ناشەرعییەکانی لەگەڵ چەندین ئافرەتدا بۆ ئاشکرابووە.

# کارەکانی ریجیستێری دوای فۆرمات بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەر

رێبین محمد ئەحمەد dlnia.love@gmail.com بەشی دووەم و کۆتایی


❒ لەم بەشەدا چەند فرمانێکی تری ریجستێری روون دەکەینەوە کە پەیوەندیان بە خێراکردنی کۆمپیوتەرەوە هەیە.

1-داخستنی ئۆتۆماتیکی بەرنامەیەك لە كاتی جام کردنی: ریجیستێری دەکەینەوە پاشان لە بەشی HKEY_CURRENT_USER فۆڵدەری Control Panel دەکەینەوە و کلیك لە سەر Desktop دەکەین، لە




لای ڕاست دەبڵ کلیك لە سەر فرمانی AutoEndTasks دەکەین و نرخەکەی لە 0 وە دەگۆڕین بۆ یەك وەك وێنەی سەرەوە.


2-ڕزگارکردنی ویندۆز لە جامکردن: لە ناو ریجستێری بەشی HKEY_LOCAL_MACHINE دەکەینەوە




پاشان بەشی Software دەکەینەوە و دواتر بەشی Microsoft دەکەینەوە لە فۆڵدەری Windows بەشی CurrentVersion دەکەینەوە دواتر Explorer دەکەینەوە و لە فۆلادەری RemoteComputer دا بەشی NameSpace دەکەینەوە دەبینین دوو کۆدی تێدایە پێویستە کۆدی دووهەم بسڕینەوە وەکو وێنەی دوهەم لەوە بەرەوە.

3-سڕینەوەی فایلە زیادەکانی Prefetch بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی : ریجستێری دەکەینەوە پاشان بەشی HLEY_LOCAL_MACHINE دەکەینەوە پاشان System هەڵدەبژێرین پاشان بەم شێوەیە بەردەوام بە ControlSet001>Control>Session Manager>Memory Management>PrefetchParameters

دواتر لە لای ڕاست دەبڵ کلیك لە سەر فرمانی E-ablePrefetcher و نرخەکەی لە 3 وە دەگۆڕین بۆ 0 وەك وێنەی ژمارە 3:




دوای ئەمە کارێکی تر ماوە ئەوەیە برۆ سەر لیستی ستارت و فرمانی RUN بکەوە و بنووسە Prefetch پاشان هەموو فایلەکان بسڕەوە و کۆمپیوتەرەکە ریستارت بکەوە

**تێبینی: بەشی یەکەمی ئەم بابەتە لە ژمارە 34 بلاوکراوەتەوە.**

# بەرنامەیەکی پێشکەوتوی قورئان بۆ نۆکیای نەوەی پێنجەم

سەروەر شوان

❒ قورئانێکی نایابە بەتایبەتی بۆ N97 و 5800 XpressMusic، سەرەڕای جوانی لەشێوەکەیدا چەندین تایبەتمەندی تری تیدایە کە لە بەرنامە قورئانیەکانی تری موبایل دانیە،



لەوانە (أحكام التجويد) کەباسی چۆنیەتی قورئان خوێندنەوە دەکات.




یان (بحث) گەڕان




کە هەر وشەیەکی بۆ بنوسی پێت دەڵێ کە چەندجار لەقورئاندا هاتووە ئەوەش دیاریدەکات کە لەکام سورەت و چەندەم ئایەتدا هاتووە.

بۆنموونە دەنوسی (محمد) دروودی خوای لێبێت




(خیارات) دادەگرین ودواتر دەچینە سەر (بحث)

نیشانمان دەدات کەچەند جار هاتووە لە قورئان وە سورەتەکان و ئایەتەکانیشمان بۆ دەست نیشان دەکات.







تایبەتمەندیەکی تریشی ئەوەیە کە دەتوانی بەهێڵی ئینتەرنێت پەیوەستی بکەین کاتێك دەچینە سەر (تنزيل الصوتيات) و دەنگی کام قورئان خوێنمان بوێت بەئارەزووی خۆمان داونلۆدی دەکەین.




ئەوکاتە بچینە سەر هەر سورەتێکی قورئانەکە بەو دەنگە بۆ بۆمان دەخوێنێتەوە کە لە ئینتەرنێت داونلۆدمان کردووە.

سەرەڕای ئەمانەش چەندین تایبەتمەندی تریشی تێدایە کە دەتوانی سودی لێوەرگری.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Quran ) هەیە.






باوکی هێڤار

# دیاریەکانی گۆڤارو خوێنەرانی

❐ وا بڕیارمانداوە هەرجارەو دیاریەك لە گۆڤاری سی فۆر کوردەوە بۆ ئێوەی خوێنەر پێشکەش بکرێت. بێگومان ئەویش لەبەر زیاتر نزیك بونەوەی سی فۆر کورد و خوێنەرەکانیەتی. بێگومانیش دیاری دووری نێوان کەسەکان کەم دەکاتەوەو خۆشەویستی زیاتر پەیدا دەبێت.

ئەوەی ستافی سی فۆر کورد دڵی پێی خۆشەو ئەوەیە کە لەلایەن ئێوەوە پێشوازیەکی زۆر باش و گەرم کراوە لەم کارەو خوێنەرانی بە دڵگەرمیەوە هەواڵی ئەو دیاریە دەپرسن. ئەوەی سەرنجم داوە لەو وەرەقانەی بۆمان دێتەوە شتی جوان وسەرنج راکیش دەبینین.

هەندێك لە خوێنەرانمان وەرەقەکانیان خستوەتە نێو زەرفیکەوەو لێیان نوسیوە بۆ سی فۆر کورد، هەندێکی تر لەسەر زەرفەکە بە کۆمپیوتەر نوسراوە و تەرتیبێکی جوانی بۆ کراوە. هەندیکیش وەکو نوشتە پێچراوەتەوەو بچوك کراوەتەوە. ئەوەی کە زۆرتر سەرنجی راکێشام کەسیك بوو لە سلێمانیەوە لە دیاریەکەی پێشوو کە بۆ ساڵیادی سی فۆر کورد کرابوو بە ناوی کاك فەرەیدون جگە لەوەی زۆر بە جوانی لە ناو زەرفدا دای نابوو هەروەها نامەیەکیش بۆ نوسی بوین. ئەوانە هەمووی جێگەی دلخۆشی و شانازین بۆ سی فۆر کورد. دڵخۆشین کەوا کەسانی زەوق سەلیم و بە زەوقی وامان هەیە و هەست بە خۆشیەك دەکەین کە بەو شێوەیە خۆیان ماندوو دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی وەرەقە کە بۆ تیروپشککردن.

ئەمە مەعنای ئەوە نیە کە بە ئێوە بڵێین هەمووتان شعرمان بۆ بهۆننەوەو وەرەقەکە بخەنە نێو زەرفەوە، بەڵکو هەر وەکو نوشتەش بە دەستمان بگات هەر باشەو دڵمان خۆش ئەبێت زۆرترین وەرەقەمان بۆ بگەڕێتەوە تاکو زۆرترین لە خوێنەرانی سی فۆر کورد چانسی بردنەوەی دیاریەکەیان هەبێت.

هەموو کات دەڵێم خۆزگە ئەو کاتە دەهات کە دیاریەکەمان لاپتۆپێك دەبوو. ئەوکات زیاتر دڵخۆش ئەبوین کە دڵی خوێنەرانمان خۆشتر بکەین بەوەی کەسێك ببێتە خاوەنی لاپتۆپ لەلایەن سی فۆر کوردەوە.

لەلایەکی ترەوە خزمەکانمان تەماعیان لە دیاریەکان کردوەو دەیانەوێت واستەیان بۆ بکەین :) بۆیە هەر زوو هەموویانمان ئاگادارکردەوە ئەوەی بە خوێی چێشت پێمان بگات ناوی داخل ناکەین. دەڵێین هەر ئەمەمان لەبەردەستە با بەشێوەیەکی شەفافیانەو بە مورتاحیەوە بگاتە دەست ئەوکەسەی کە بەختی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو دیاریە. هەر بۆیە هەموو جار بە ڤیدیۆ شێوەی تیروپشکەکە بڵاو دەکەینەوە، یەکەم لەبەر ئەوەی حەز ئەکەین ئێوەش بەشدار بن لەو لەحزەیە کە هەموان حەز دەکەین بزانین بۆ کێ دەردەچێت، هەروەها جار جار بە سەوت سورە بمان بینن و چۆن کار دەکەین.

ئێمە بیرمان کردوەتەوە کە چۆن هەموو خوێنەرانی سی فۆر کورد لە سەرتاسەری کوردستان بە ئاسانی بتوانن بەشدار بن لە تیروپشکەکە، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ دەدەین هەر لە رێگەی ناردنەوەی وەرەقەکە نەبێت چونکە شوێنە دوورەکان بە ئاسانی ناتوانن بینێرنەوە، بۆیە رەنگە ئەگەر بکرێت بە رێگەیەکی ئاسانتر و تەکنیکێکی تر کارەکە بکەین.

لە کۆتاییدا بەو ئومێدەی هەموان ببنە خاوەنی دیاریەکە و بەشداربن و هەوڵیش بدەن زوو وەرەقەکە بگەڕێتەوە نەك فریای داخل بونی تیروپشکەکە نەکەون. هەموو کاتێکیش چاوەروانی موفاجەئەی خۆش و باش بن لە سی فۆر کوردەوە چونکە بەراستی هەمووان شەو رۆژ لە خەمداین چ بکەین زیاتر دەتوانین خزمەت بە ئێوەی خۆشەویست بکەین. ئێوەش توخوا یارمەتیدەرمان بن بۆ پێشنیاری باش و هەر کێشەیەك هەبێت تاکو زیاتر گۆڤاری سی فۆر کورد بەرەوە پێش بەرین. لەهەمووی خۆشتر براوەی دیاری پێشوو لە چەمچەماڵ بوو لەرزمان لێهات چۆن بیگەیەنینە دەستی، بەڵام کە تەلەفونمان بۆ کرد وتی لە سەیرانم لە هەولێر:)